چاکسازی گشتگیر له هەموو سێکتەرەکان کاری لە پێشینەی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستانە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5755) چوارشەممە 22ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ستایشی ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەم چوونە ناو جەماوەر و بەسەرکردنەوەی چین و تونێژەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش نیشانەی بەهێزیی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستانە بۆ تەواوی کونسوڵگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ڕێگای نێوان سحێلا و زۆممار بەرووی هاووڵاتیان کرایەوە

بڕپرسی لیژنەی ناوچەی زۆماری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەینێت، دوای ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەبارەی ڕێگای نێوان سحێلا و زمار بە فەرمیی ئەم ڕێگایە کرایەوە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا:

پلانی تۆکمەمان ئامادەکردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان کوردستان و ئەورووپا

لەگەڵ دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا لە بەرزکردنەوەی درشم و پڕۆگرام و بەربژێرەکانی پارت و قەوارە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیاجیا کە لەنێوان 23 بۆ 26ی ئایاری 2019 ئەورووپاییەکان دەباتە سەر سندوقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی بەربژێری ئەندامەکانیان بۆ پەرلەمانی ئەورووپا کە لە کۆی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا 28 وڵات بەشدار دەبن لەگەڵ 400 ملیۆن دەنگدەریان هەیە بۆ ئەم پرۆسەی دەنگدانە کە پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

چەند ڕۆژی داهاتوو سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێم لە ڕێگەی دەنگدانی ئاشکرا کە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دیاری کردووە یەکلایی بکاتەوە و هەرێم کە نزیکەی ساڵ و نیوێک دەبێت بەبێ سەرۆکە بێتەوە بە خاوەن سەرۆکی هەرێم. بەپێی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی سێ ڕۆژ لە یەکلاییکردنەوەی ناوی کاندیدان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە لایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵدەبژێرێت کە پێویستی بەدەنگی زۆرینەی ڕەهایە ئەویش 75 دەنگە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



کوردستانی نوێ..
لە نێوان تەشویقی ریفراندۆم و تەسویقی 16ی ئۆکتۆبەر دا

وەڵامێک بۆ شووختە لەکەدارەکەی ئەدگار 66

پرسی کەرکووک و ئەو بارودۆخەی ئێستا لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، نەک تەنها کورد، بەڵکو عیراق و ناوچەکە و جیهانیش بەگشتی دەزانێت لە دەرەنجامی ئەو خیانەتە مێژوویییە بووە، کە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کورستان و لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ئەنجامدرا، نەوەکو خوودی ریفراندۆم کە نزیک بە 93%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە (بەڵی بۆ سەربەخۆیی) دەنگیان پێداوە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری وەک (کوردستانی نوێ) ڕێگە بەوە بدات لەنێو لاپەڕەکانیدا ریفراندۆم و خواست و ئومێدی زۆرینەی کوردستانیان بە هەڵەی مێژوویی وەسف بکرێت.! **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سوتاندنی زەوی هاووڵاتی کورد لە خانەقین بەردەوامە



بەڕپرسی لقی 15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین دەڵێ: سوتاندنی زەوی کوردەکانی سنووری خانەقین بەردەوامە و تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی 700 دۆنم، پێشی وانییە داعش بتوانێ ئەو کارە بکات. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

نوێنەری جووتیاران: ئامادە نین هیچ پشکێک بە عەرەبی هاوردە بدەین

لەسەر داواکاریی هێزە عێراقییەکان دووریندەوەی گەنمی جووتیارانی کورد ڕاگیرا و هۆکارەکەشی بۆ داواکاریی عەرەبەکان بووە کە داوای پشکی گەنم و جۆ دەکەن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

ترەمپ: ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی باراک ئۆباما لەگەڵ ئێران واژووی کرد کارەسات بوو




دۆنالد ترەمپ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فۆکس نیوزی ئەمەریکی، سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە زۆری لێدەکەن جەنگ دژبە ئێران هەڵگیرسێنێت. ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەیەکی زۆرە ئێران بووەتە کێشە، هاوکات ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی باراک ئۆباما لەگەڵ ئێران واژووی کرد بە کارەسات ناوبرد.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

وەزیری بەرگریی بەریتانیا:

لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێراندا هاوکاریی ئەمەریکا دەکەین

پنی مۆردانت، وەزیری بەرگریی بەریتانیا ئاشکرای کردووە، لە ئەگەری قوڵتربوونەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئێران و ئەمەریکا لە کەنداو، بەریتانیا ئامادەی یارمەتی بە هاوپەیمانەکانی و بەتایبەت ئەمەریکایە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





گوڵ و گۆماوەکانی باڵەکایەتی و چیای هەڵگۆرد بوونەتە ناوچەیەکی گەشتیاری بێ داهات

هەڵگۆرد بەرزترین چیای عێراق و ناوچەکەیە و لە وەرزی زستان زۆرترین بەفری لێدەبارێت و تاکو هاوین لە هەندێک شوێن بەفر و کەویەبەفر دەمێنێتەوە، لە بەرزایی و لەدامێنی چیاکان بە تایبەت چیای هەڵگۆرد ژمارەیەک گۆماوی سازگار هەیە، بەهۆی جوانی بێ وێنەیان و تێکەڵبوونیان بە دیمەنی گوڵ و سەوزای و بەفر و قەدوبالای چایاکان و دەرکەوتنی دەیان جۆر گژ و گیا و گوڵی جۆراو جۆرلە دەوروبەریان لە وەرزی بەهار ناوچەکە دەکەنە باخچەیەکی سروشتی رازاوەی سەرنج راکێش. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا پلانی خێرا و مامناوەندی و دوورمەودای هەیە بۆ پاراستن و هاوکاریکردنی کەمینەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق

لە لێدوانێکی هاوبەشی ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر و ماکس پریمۆراکس نوێنەری تایبەتی پرۆگرامەکانی هاوکاریکردنی کەمینەکان تەئکید لەسەر بەردەوامبوونی حکوومەتی ئەمەریکا و شەخسی سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پاراستن و هاوکاریکردنی کەمینە ئاینییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەنەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

چەند رۆژی داهاتوو سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت

گوڵستان نهێلی: پێویستە هەموان هەوڵبدەن بەزووترین کات کابینەی نوێەم پێکبێت





بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێم لە رێگەی دەنگدانی ئاشکرا کە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دیاری کردووە یەکلایی بکاتەوە و هەرێم کە نزیکەی ساڵ و نیوێک دەبێت بەبێ سەرۆکە ببێتەوە بە خاوەن سەرۆکی هەرێم. بەپێی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی سێ رۆژ لە یەکلایکردنەوەی ناوی کاندیدان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە لایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵدەبژێرێت کە پێویستی بەدەنگی زۆرینەی رەهایە ئەویش 75 دەنگە.

لەمبارەیەوە ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوڵستان نهێلی دەڵێت: پێشبینی دەکەین تا 25ی ئەم مانگە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشبینیش دەکەین نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێ لە کۆی 111 پەرلەمانتار91 دەنگ بەدەستبهێنێت. ئەو گوتیشی: جگە لە فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گۆران، پێکهاتەکانی کریستیان و تورکمان، پێشبینی دەکەین سوسیالیست و لیستی حزبی شیوعیش دەنگی پێ بدات و بەو پێیە نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت 91 دەنگ بەدەستبهێنێت، ئەو سێ لایەنەی یەکەم رێککەوتنی سیاسییان لەنێوانداید، ئەوانی دیکەش کە ناوم هێنان هەڵپەسێردرا. دوای چوار رۆژ و بەدیاریکراوی لە 12ی ئایار سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرگای خۆپالاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کردەوە و سێ رۆژ دیاریکرابوو کە حەوت کەس خۆیان کاندیدکرد و پێنجیان پەسەندکران و دووشیان لابران، لەنێو کاندیدەکاندا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی هەیە.

هەروەها جەلال محەمەد ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە: دیارە بەپێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2019ی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا نووسینەوەی دەستوور دوای ئەوەی ناوی کاندیدان راگەیەندران کە پێنج کەسن، دوو رۆژ هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی سی ڤی یان پێشکەشکردووە تا تانە لە نەهاتنەوەی ناوەکانیان بدەن، دواتر سێ رۆژ لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیدا هەیە بۆ ئەوەی کات دیاری بکات بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و پاشان سەرۆک بە دەنگدانی ئاشکرا بەپێی یاسا هەڵدەبژێردرێت. ئەو گوتیشی: نێچیرڤان بارزانی کاندیدی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، جگە لەوەش رێککەوتنی سیاسییان لەگەڵ لایەنی دیکەی دەرەوەی پارتیش هەیە، بۆیە پێشبینی دەکەین نێچیرڤان بارزانی دەنگی پێبدرێت و ببێت بە سەرۆکی هەرێم.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی ساڵی پار توانی45 کورسی لە کۆی 111 کورسی بەدەستبهێنێت و ببێت بەگەورەترین کوتلەی پەرلەمانی کاندیدی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەم دیاریکردووە کە ئەویش راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم، مەسرور بارزانی یە، بەپێی رێککەوتنی سێ لایەنە سەرەکییەکەی کابینەی نوێەم کە پارتی و یەکێتی و گۆڕانن دەنگی ئەندامانی ئەو سێ لایەنە بۆ کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی دەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە، کە لە سەرەتای هەفتەی داهێ، پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و تەوەری کۆبوونەوەکەش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، واتە لە رۆژی یەک شەمە، تا سێشەمە پەرلەمان دەنگ لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەدات، بەو پێیەی رێککارە یاساییەکان کۆتاییان هاتووە و، تەنیا ماوەتەوە هەڵبژاردنی سەرۆک لە لایەن پەرلەمانەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، لە دوای دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە رێوڕەسمێکی تایبەتدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخوات، ئەویش بۆ ئەوەی دەستبەکاربێت، دواتریش کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت. ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، شێوازی دەنگدانەکە روون دەکاتەوە، کە بە پێی یاسا جێگیرکراوە، کە دەنگدان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا دەبێت، پێشبینیش دەکات، کە رێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم، بکەوێتە دوای جەژنی رەمەزان، هۆکارەکەشی بۆ ئامادەکاری و هەندێ رێککاری پرۆتوکۆلی بۆ رێوڕەسمەکە دەگێڕێتەوە.

شایەنی باسە سەرۆک مەسعود بارزانی لە ساڵی 2005 بۆ یەکەمجار وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا و بەو پێیە نێچیرڤان بارزانی ئەگەر هەڵبژێردرا ئەوا دەبێتە دووەم سەرۆکی هەرێم لە مێژووی هەرێمی کوردستان.




کەمال کەرکووکی:

نێچیرڤان بارزانی خاوەن بیرێکی ناوازەیە لە دەوڵەتداری

کەمال کەرکووکی دەڵێت، نێچیرڤان بارزانی سەرکردەیەکی هێمن و دوورببینە، هەر ئەویش بە کاریزمایی خۆی توانی، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر کوردستان بگۆڕێ بۆ ئومێد و ئاسۆی گەش. دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمی پارتی راگەیاندووە: نێچیرڤان بارزانی، سەرکردەیەکی هێمن و دوورببین و خاوەن بیرێکی ناوازەیە لە دەوڵەتداری، هاوکات لە رووی پێشکەوتنی وڵاتییشەوە تێکۆشاوە، بۆ ئەوەی دیدی پێش سەردەمکەوتووی خۆی بۆ داهاتووی کوردستان لە زۆر ڕووەوە بکاتە واقعێکی بەرجەستە.

دکتۆر کەمال پێیشیوایە، کە نێچیرڤان بارزانی، خاوەن دیدێکی تیژ و سەرکردەیەکی لێهاتووە، هەر لە سەردەمی ئەویشدا کوردستان گەشەیسەندووە و ئەزموونێکی پێشەنگ بووە، جەختیش دەکاتەوە، کە بە ئەزموون و لێهاتوویی لە حوکمڕانیدا، کوردستان بەهێز دەکات. ناوبراو ئاماژە بە کورتکردنەوەی مەوداکانیان لەگەڵ هاووڵاتیان دەکات، ئەویش دەگێڕێتەوە بۆ بڕیارە تێکۆشاوەکانی خودی نێچیرڤان بارزانی، هاوکات جێگیریی گوتارەکانیشی، کە متمانەی هاووڵاتیانیان بەدەستهێنا، لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە، هەنگاوێکی گەورەی جۆریی لە پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی کوردستاندا هێنایەدی، کە قۆناغی هەڵسانەوەی کوردستان بوو، ئەویش لە دوای سەختی و جەنگی نەخوازراو، کە بەکاریزمایی خۆی، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی لە بەرانبەر کوردستان گۆڕی بۆ ئومێدو ئاسۆی گەش.



ئەمەریکا پلانی خێرا و مامناوەندی و دوورمەودای هەیە بۆ پاراستن و هاوکاریکردنی کەمینەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی هاوبەشی ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر و ماکس پریمۆراکس نوێنەری تایبەتی پرۆگرامەکانی هاوکاریکردنی کەمینەکان تەئکید لەسەر بەردەوامبوونی حکوومەتی ئەمەریکا و شەخسی سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پاراستن و هاوکاریکردنی کەمینە ئاینییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و لە بەشێکی لێدوانەکەیان هاتووە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەند دەمێنێتەوە بە کارکردن لە گەڵ هەموو پێکهاتە ئاینییەکان لە عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە پارەدوام دەبین لە هەماهەنگیکردن و بە لە نزیکەوە کارکردن لەگەڵ هاوشانە لۆکاڵییەکانمان و هەروەها ڕابەرانی کۆمەڵگا بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەو پرۆژگرامانەی لە ئێستا و داهاتووشدا بە پارەی ئەمەریکا تەمویل دەکرێن لە سەرانسەری وڵاتدا، سەرەڕای گۆڕانکاری لەباری ئیشکردنماندا. پاراستنی مافی هەموو پێکهاتە ئاینییەکان کاری لەپێشینەی سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و بەرێوەبەری ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتییە.

وەک پشتیوانیکردن لە بڕیاری جێگری سەرۆک لە مانگی ئۆکتۆبەری 2017 و هەروەها لە ڕێی دەرچوواندنی یاسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەبەرهێنان دەکات بە تایبەتی بۆ یارمەتیدانی پێکهاتە ئایینی و نەژادیە چەوسێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە سەرمالەکانیان کۆمەڵگاکانیان ببوژێننەوە. ئەم کۆمەکانە هەوڵی کورتخایەن و مامناوەند و دوورمەوداش لەخۆدەگرن کە یارمەتی پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە دەدات کە هەنووکەیین و پارێزەری ژیانن و هەروەها بوژێنەرەوەوەن بۆ ئەو خەڵکانە. هەروەها دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە گرنگەکان دەگەڕێنێتەوە و و ژێرخانە گرنگەکان نۆژەندەکاتەوە و هەلی کار باشتر دەکات و پشتیوانیکردنی کار و بازرگانی لۆکاڵی دەکات و هەروەها هانی کاراکتەرە لۆکاڵی و نیشتمانییەکان دەدات بۆ ڕێگەگرتن لە کارەسات.

شایانی باسە حکوومەتی ئەمەریکا سالانە ڕاپۆرتی تایبەتی لەسەر ئازادیی ئاینی و ڕەوشی کەمینەکان لە سەرتاسەری جیهان بڵاودەکاتەوە.

ناتوانین ڕێگە بدەین ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت

دۆنالڵد ترەمپ: ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی باراک ئۆباما لەگەڵ ئێران واژووی کرد کارەسات بوو



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ رایگەیاند کە بە هۆی پەیوەندیی نێوان سەربازی و پیشەسازیی بەرگری بەشێک هەیە کە نایەوێت هیچ کات جەنگ تەواوبێت بە ئەمەریکاشەوە. دۆنالد ترەمپ لە دیانەیەکیدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فۆکس نیوزی ئەمەریکی، سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە زۆری لێدەکەن جەنگ دژبە ئێران هەڵگیرسێنێت. سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەیەکی زۆرە ئێران بووەتە کێشە، هاوکات ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی باراک ئۆباما لەگەڵ ئێران واژووی کرد بە کارەسات ناوبرد. دۆنالد ترەمپ باسی لەوەش کرد کە ئەو ڕێککەوتنەیان هەڵوەشاندەوە و سزاکانیان بەسەر ئێراندا سەپاندووەتەوە، ئەوەیشی خستەڕوو کە لە ڕووی ئابووریيەوە ئێرانی بەرەو کارەسات بردووە، بەڵام ناشیەوێت بچێتە جەنگەوە لەگەڵیدا.

لە وەڵامی پرسیاری پێشکەشکارەکەدا لەبارەی ئەوەی کە "دەتوانن دڵنیایی بدەنە گەل لەوەی لەدوای پێکدادانێکدا نین لەگەڵ ئێراندا؟" ترەمپ ڕایگەیاند: ئەوە منم لەبارەی ئەو جەنگانەوە قسەدەکەم کە ماوەی 19 ساڵە بەردەوامە. مرۆڤەکان "لەبەر جەنگەکانی ئەمەریکا" هێشتا لەوێن. خۆتان فریومەدەن، لەم وڵاتەدا ئاڵۆزییەکی سەربازی و پیشەسازیی هەیە، ئەوانە هەمیشە جەنگیان دەوێت.

دۆنالد ترەمپ بە ئاماژەدان بەوەی کە "بەناو خەلافەت"ی داعشیان کۆتایی پێهێناوە و دەیەوێت سەربازانی وڵاتەکەی لە سووریا بکشێنێتەوە و گوتی: کە دەڵێم دەمەوێت سەربازانمان (لە سووریا) بکشێنمەوە، کەسانێک شێت دەبن. لەم واشنتۆنە کەسی وا هەیە نایانەوێت سەربازانمان لە هیچ شوێنێک دەربچن. من دەڵێم باشە ئیدی با چەند سەد سەربازێک لەوێ بمێننەوە، بەڵام بە قسەی ئەوان بووایە هەزاران سەربازی دیکەیش ڕەوانە دەکرا. گرووپێک هەیە پێیان دەڵێن 'کۆمەڵەی سەربازی-پیشەسازی .'ئەوان نایانەوێت لە هیچ شوێنێک دەربچن. بەردەوام شەڕیان دەوێت. من شەڕم ناوێت. بەڵام ڕەوشی وەک ئێران ڕوودەدەن ناتوانین ڕێگە بدەین ئەوان چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنن.

لەلایەکی دیکەشەوە دۆنالد ترەمپ لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتەکەی، پەیامێکی نوێی لە تویتەڕەوە بڵاوکردەوە. ترەمپ ئەو هەوالانەی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن "ئەمەریکا لەپێناو دانوستانەکاندا هەوڵی گەیشتن بە ئێران دەدات" و ڕایگەیاند: میدیای ساختەی هەوڵ، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی هەبێت، هەوڵێکی هەڵەی لە شێوەی ئەوەی کە ئەمەریکا هەوڵی هێنانە کایەی دانوستان لەگەڵ ئێراندا دەدات، بڵاوکردووەتەوە. ئەمە هەوڵێکی درۆیە. ئێران کەی ئامادەبێت ئەو کاتە پەیوەندیی بە ئێمەوە دەکات. ئەمە دۆخێکی مایەی دڵتەنگییە بۆ گەلانی ئێران.



لە داهاتوویەکی نزیکدا دەنگ لەسەر کاندیدی سەرۆکایەتیی هەرێم دەدرێت

ڕۆژی دووشەممە 20ی ئایاری 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ئۆلیک لێڤین کونسوڵی گشتی کۆماری ڕووسیای کرد.

لەکۆبوونەوەکەدا ئۆلیک لێڤین کونسوڵی گشتی کۆماری ڕووسیا خۆشحاڵی بەسەردانی کردنی پەرلەمان و ئەم پەیوەندییە دیرۆکییەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵدا هەیە و دووپاتی لە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا کردەوە لە بواری ئابووری و خوێندنی باڵا فەرهەنگی نێوان هەردوولادا و ئامادەی خۆشی نیشاندا، هانی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی وڵاتی خۆیان بدەن سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و کاری وەبەرهێنان تیایدا ئەنجام بدەن بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆمپانیا لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن.

لای خۆشیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێرای بەخێرهێنانی ئۆلیک لێڤین کونسوڵی گشتی کۆماری ڕووسیا، بەگرنگییەوە باسی لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ و هەڵوێستەکانی کۆماری ڕووسیا لە هەمبەر دۆزی گەلی کوردستاندا هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش بەرزنرخاند و هیوای خواست درێژە بەپەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بدەین و بۆ ئەم مەبەستە دەخوازین پەیوەندییەکی بەهێز لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆماری ڕووسیا هەبێت، پاشان کورتەیەک ڕێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی کابینەی نێوەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو و ڕایگەیاند: لە داهاتوویەکی نزیکدا دەنگ لەسەر کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێم دەدەین و دواتر ڕێکارەکانی تری پەیوەست بە پێکهێنانی کابینەی نێوەم دەگیرێتەبەر و کاری لەپێشینەی کابینەی داهاتوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە سەرجەم سێکتەرەکان.

ئێران توانای پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ چوار هێندە زیاد دەکات

گوتەبێژی دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران، بەهرۆز کەمالوەندی ڕایگەیاند کە لە دوای وەستاندنی بەشێک لە مادەدەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، توانای 3 پێنجەم 67 بەرهەمی یۆرانیۆمیان " 300 کیلۆگرام" واتە چوار هێندە بەرزکردۆتەوە. بەهرۆز کەمالوەندی لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکاران باسی لە وەستاندنی بەشێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی کرد. گوتەبێژی دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران ئاشکرای کرد کە ئێران نایەوێت لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکشێتەوە یان پێشێلکاری بەرامبەر بکات و گوتی: "لە بنکەی ئەتۆمی ناتانز توانای3 پێنجەم 67 بەرهەمی یۆرانیۆمان چوار هێندە بەرزکردۆتەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

چاکسازی گشتگیر لە هەموو سێکتەرەکان کاری لە پێشینەی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستانە

کونسوڵی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەچاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە



ڕۆژی 20ی ئایاری2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و سلیڤا ئێیریس بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری کونسوڵخانە کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ستایشی ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەم چوونە ناو جەماوەر و بەسەرکردنەوەی چین و تۆیژەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش نیشانەی بەهێزیی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستانە بۆ تەواوی کونسوڵگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان.

هەر لەدیدارەکەدا هێمن هەورامی، پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێک لە کارە پێشینەکانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیرە لە هەموو سێکتەرەکانە و دابین کردنی خوشگوزەرانییە بۆ خەڵکی کوردستان.

لای خۆشیەوە ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گوتی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەچاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیریی تەواو لە دامودەزگا شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین.

د. دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ «خەبات»:

پلانی تۆکمەمان ئامادەکردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان کوردستان و ئەورووپا

هانی ڕەوەندی کوردی دەدەین دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە داکۆکیکیان لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردووە

لەنێو پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردستان دەکەین



لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا پارتە کریستیان و سۆشیاڵ دیموکراتەکان بەشێک لە دەنگەکانیان لە دەست دەدەن

خەبات-ساسان دەروێش

لەگەڵ دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا لە بەرزکردنەوەی دروشم و پڕۆگرام و بەربژێرەکانی پارت و قەوارە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیاجیا کە لەنێوان 23 بۆ 26ی ئایاری 2019 ئەورووپاییەکان دەباتە سەر سندوقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی بەربژێری ئەندامەکانیان بۆ پەرلەمانی ئەورووپا کە لە کۆی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا 28 وڵات بەشدار دەبن لەگەڵ 400 ملیۆن دەنگدەریان هەیە بۆ ئەم پرۆسەی دەنگدانە کە پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورسییەکانی وڵاتان دیاری کراوە کە پێکهاتووە لە 751 ئەندام کە بچووکترین وڵات مالتایە و گەورەترین وڵات ئەڵمانیا و فەرەنسایە کە نوێنەرایەتی زیاتر لە 500 ملیۆن کەس دەکەن و 400 ملیۆنیش مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر چەند پرسێکی گرنگ و تایبەت بە کورد و بە گشتی، دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا خەبات وەڵامی چەند پرسیارێکی خەبات دەداتەوە.

خەبات: چۆن دەڕوانە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا کە چاوەڕان بە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازی ناو دەبەن؟

دلاوەر ئاژگەیی: هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی ئەورووپا چارەنووسسازە، کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی وایان کردووە کە پارتە کلاسیکییەکانی وەکو کریستیان دیموکراتەکان و سۆشیاڵ دیموکراتەکان بەشێک لە دەنگەکانیان لە دەست بدەن لە قازانجی پارتە ڕاستڕەوەکان و پڕۆپۆلیستەکان، پرسی هاتنی بەلێشاوی پەنابەران لەم چەند ساڵەی ڕابردووەدا و بە تایبەتی دوای قەیرانی سووریا و گەلەیی گەلانی ئەورووپیی لە وەرگرتنی ئەو ڕێژەیەی پەنابەران و کردنەوەی دەرگا بۆیان وایکردووە کە دەنگدەری ئەورووپیی روو لە پارتە ڕاستڕەوەکان و پڕۆپۆلیستەکان بکەن کە پڕۆگرامەکانیان دژی هاتنی پەنابەران.

خەبات: پێتوایە ئەندامانی نوێ کاریگەریان دەمێنێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و هاوکاریکردنیان یاخود بە پێچەوانەوە؟

دلاوەر ئاژگەیی: پێموایە لە خولی نوێی پەرلەمانی ئەورووپا دۆستانمان زیاد دەکەن و بە تایبەتی دوای بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان و لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر و ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکان و تێکشکاندنی داعش.

خەبات: نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕۆڵێکی هەیە بۆ لەم پرۆسەیە؟

دلاوەر ئاژگەیی: نوێنەرایەتی بەشێک نابێت لە پرۆسەی دەنگدان و پشتگیری لە هیچ لایەنێک ناکات، بەڵام لە لای ئێمە گرنگە خەڵکانی دۆستی کوردستان هەڵبژێردرێن، هەر بۆیەش هانی ڕەوەندی کوردستانی دەدەین بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن و دەنگ بەو کەسانە بدەن کە داکۆکیکارن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان و پیشانیان داوە کە پشتگیری کوردستان دەکەن، ئەمە زیاتر ئەرکی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردستانییەکانە کە سیمینار و دیبەت و چالاکی ڕێکخەن و کاندیدان بانگیهێشت بکەن.

خەبات: چاوەڕوانی چی دەکرێ لە بەربژێرەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی کورسی و ئەندامبوونیان؟

دلاوەر ئاژگەیی: مەرج نییە بەربژێر کوردبێت بۆ ئەوەی کار بۆ مافەکانی کورد بکات لە پەرلەمانی ئەورووپا، بەداخەوە لە پێشتر لە هێندێک پەرلەمانتاری ئەورووپا پەرلەمانتاری بە ڕەگەز کورد هەبووە کە تەواو لە دژی کوردستان کاری کردووە بە بیانووی ئەوەی گوایە دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان پێرفێکت نییە، بۆیە دەبێت ئومێد بەو بەربژێرانە ببەستین کە پێشتر بەڕاستی کاریان بۆ کوردستان کردووە، پەرلەمانتاری ئەورووپی هەن کە زۆر زیاترلە ئێمەی کورد بەرگریان لە مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان کردووە.

خەبات: ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا خاوەن ڕەگەزنامەی ئەورووپین و مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە، بۆ ئەم ژمارە کەمەی کورد کاندیدن بۆ هەڵبژاردن، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

دلاوەر ئاژگەیی: سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕەوەندی کوردستانی کە مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست ڕێکنەخراون و لە هاوکێشەکان سوود لە دەنگیان نەکراوە، ئەمە پێویستی بەکاری جددی هەیە لە ئایندە و دەبێت بەمشێوەیە نەمێنێت، پارتە سیاسییەکانی ئەورووپا دەبێت بزانن کە دەنگی کورد لە دەنگی ڕەوەندی وڵاتانی تر زۆرترە و ئەم پارتانە دەبێت بە بەرنامە و سیاسەتی ڕوون بۆ پشتگیری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان هەوڵبدەن دەنگی کورد بۆ خۆیان ڕابکێشن.

خەبات: پێتوایە ڕاستڕەوەکان بەهۆی کارکردن لەسەر پرسی پەناهەندە بڕاوە دەبن، واتە بەکارهێنانی کەیسی پەنابەران کە دژایەتی هاتنی پەنابەران دەکەن؟

دلاوەر ئاژگەیی: پێموایە ڕاستڕەوەکان گەشە دەکەن و بەشێک لە دەنگی پارتەکانی تر بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن.

خەبات: پێشبینی چی دەکەن لە ئەنجام و هەڵبژاردنەوەی دۆستەکانمان؟

دلاوەر ئاژگەیی: لە ئێستادا خۆشبەختانە بەشێکی بەرچاو لە کاندیدەکانی پۆستە باڵاکان ئاشنان بە دۆزی کورد و پێشتر سەردانی کوردستانیان کردووە و بەشێکیان دۆستی کوردن.

خەبات: لە دوای ئەم هەڵبژاردنە و دروستبوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانێکی کارا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد دەکەن؟

دلاوەر ئاژگەیی: ئێمە وەکو نوێنەرایەتی پلانی تۆکمەمان ئامادەکردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئەورووپا و لە نێو پەرلەمانی ئەورووپاشدا کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردستان دەکەین، ئێمە پێشتر گرووپی دۆستانی کوردستانمان لە پەرلەمانی ئەورووپا بنیاناوە و لە دوای ئەم هەڵبژاردنانەش هەوڵ دەدەین ڕێژەی ئەندامانی گرووپ زیاد بکەین و ئاستی چالاکییەکان بەرەو سەرەوە بەرین.





هێمن هەورامی پێشوازی لە دوو شاندی کونسوڵەکانی یۆنان و ئیمارات کرد

دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم قۆناغەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەستپێدەکات

یۆنان و ئیمارات پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەزموونی دیموکراسییەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕن

دوێنێ سێشەممە 21ی ئایاری 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دوو دیداری جیاوازدا لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە هەریەکە لە ئیفسیمیۆس کۆستۆپۆلۆس، کونسوڵی یۆنان و ئەحمەد ئیبراهیم سەعید کونسوڵی ئیماراتی یەککرتوو لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارەکاندا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شێواز و میکانزمی دەنگدان لەسەر پاڵێوراوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەروەها کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شیکردەوە و ڕایگەیاند: دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان قۆناغەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەستپێدەکات و یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان کە گشت لایەنە سەرەکییەکان پشتگیری دەکرێت، هەبوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیرە لە هەموو سێکتەکان و هەروەها جەختیشی لە هەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ سەرجەم ولاتان کردەوە.

لای خۆشیانەوە کونسوڵی یۆنان و کونسوڵی ئیماراتی یەکگرتوو پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان دووپاتکردەوە و ئامادەی خۆشیان دەربڕی بۆ زیاتر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.



فەرماندەی سوپای لیبیا هەڕەشە لە تورکیا دەکات

فەرماندەی گشتیی سوپای لیبیا هەڕەشەی لێدوانی کەشتییەکانی تورکیا دەکات، سوپای نیشتمانیی لیبی، کە جیابوونەوەی خۆی لە حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی ڕاگەیاندووە، بڕیاری ڕێگریکردنی لە چوونی هەر کەشتییەک بۆ بەندەرەکانی سەر بەحکوومەتی ویفاقی نیشتمانی، داوە. مشیر خەلیفە حەفتەر، فەرماندەی گشتیی سوپای نیشتمانیی لیبی ڕایگەیاندووە، هەر کەشتییەکی تورکی لە بەندەرەکانی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی نزیک بێتەوە، "لێی دەدەین." حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بە کۆدەنگیی هەموولایەنە لیبییەکان پێکهاتووە، کە سەرکردەکانی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمین سەرۆکایەتی دەکەن و پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەلاتداری تورکیاش پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە.

حەسەن ڕوحانی وەڵامی داواکاری دانوستانی ئەمەریکای دایەوە

هەلومەرجی ئەمڕۆ هەلومەرجی بەرگری و خەباتە نەوەک دانوستان

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە لایەنگری دانوستان و دیپلۆماسییەتە، بەڵام هەلومەرجی ئەمڕۆ هەلومەرجی بەرگریی و خەباتە نەوەک دانوستان. حەسەن ڕوحانی لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ پیاوانی ئایینی شیعە مەزهەب لە تارانی پایتەخت، باسی لە سزاکانی ئەمەریکا کرد. سەرکۆماری ئێران باسی لەوە کرد کە لەمیانی 40 ساڵی ڕابردوودا ئەوانەی لە کۆشکی سپی بوون بە بەردەوامی دژبە ئێران کاریان کردووە و پلانی گوشار دروستکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییان داناوە، ئەمڕۆش هەمو ئەوانە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە و گوتی: دوژمن هەمیشە دەیویست ئێران دەست بە گرژی بکات، بەڵام ئەوەمان نەکرد. لە ناوخۆش حکوومەت بەئاراستەی گەل هەڵیگرتوون زۆر قورس و ئالۆزدەبوون. لە ڕەوشێکی لەو شێوەیەدا جگە لە ئەمەریکا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش سزایان بەسەر وڵاتەکەماندا دەسەپاند. سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە نێوان گەل و بەڕێوەبەرانی وڵاتدا بۆچوونی جیاواز نییە لەبەرامبەر سزاکانی ئەمەریکا، ئەوەیشی خستەڕوو کە وەک خۆی لایەنگری دانوستان و دیپلۆماسییەتە، بەڵام لەم هەلومەرجانەدا بەهیچ شێوەیەک دانوستان پەسەند نییە.



سەرکۆماری ئێران تیشکیشی خستە سەر ئەوەی خەڵک ڕووبەڕووی زۆر کێشە و سەختی بووەتەوە، بەڵام تەواوی ئەوانە پەیوەندییان بە حکوومەتەوە نییە و پێشتر داهاتی خەڵکیان بەرزکردبووەوە و گوتی: بۆ ئەوەی ئێستا وڵات باشتر بەڕێوەبەرین پێویستیمان بە میکانیزمی بڕیارە. لە جەنگی عێراق ئێراندا ئەنجوومەنێک پێکهێندرا و هەمو دەسەڵاتەکان لە دەست ئەو میکانیزمەدا بوون. پەرلەمان و دەسەڵاتی دادەوەریش دەستوەردانی لە بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەندا نەدەکرد. ئەمڕۆش کە لە جەنگی ئابووریداین پێویستیمان بە دەسەلاتێکی لەمجۆرەیە.

فەرماندەی سوپای لیبیا هەڕەشە لە تورکیا دەکات

فەرماندەی گشتیی سوپای لیبیا هەڕەشەی لێدوانی کەشتییەکانی تورکیا دەکات، سوپای نیشتمانیی لیبی، کە جیابوونەوەی خۆی لە حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی ڕاگەیاندووە، بڕیاری ڕێگریکردنی لە چوونی هەر کەشتییەک بۆ بەندەرەکانی سەر بەحکوومەتی ویفاقی نیشتمانی، داوە. مشیر خەلیفە حەفتەر، فەرماندەی گشتیی سوپای نیشتمانیی لیبی ڕایگەیاندووە، هەر کەشتییەکی تورکی لە بەندەرەکانی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی نزیک بێتەوە، "لێی دەدەین." حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بە کۆدەنگیی هەموولایەنە لیبییەکان پێکهاتووە، کە سەرکردەکانی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمین سەرۆکایەتی دەکەن و پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەلاتداری تورکیاش پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە.



وەزیری بەرگریی بەریتانیا:

لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێراندا هاوکاریی ئەمەریکا دەکەین

پێنی مۆردانت، وەزیری بەرگریی بەریتانیا ئاشکرای کردووە، لە ئەگەری قوڵتربوونەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئێران و ئەمەریکا لە کەنداو، بەریتانیا ئامادەی یارمەتی بە هاوپەیمانەکانی و بەتایبەت ئەمەریکایە. خانمی مۆردانت، لە ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا ئاشکرای کردووە وڵاتەکەی لەبارەی هەڕەشە و نیگەرانییەکان لەگەڵ ئەمەریکا، یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی کەنداو بەهۆی هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیریی ناوچەکە، هاوبەشە.

وەزیری بەرگریی بەریتانیا ڕاشیگەیاندووە بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دریژە بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان دەدەین. خانمی مۆردانت لە وەڵامی یەکێک لە نوێنەرانداا لە ئەگەری پەیوەستبوونی بەریتانیا بە ئەمەریکا لە بەرانبەر ئێران، گوتی: بەریتانیا بۆ یارمەتیی هاوپەیمانەکانی ئامادەیە و لە کەنداویش جێگیر بووە.

ئەم قسانەی وەزیری بەرگریی بەریتانیا لە کاتێکدایە کە ڕۆژی دووشەممە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش بە فەرمی ڕایگەیاندبوو: دەبێ ئێران بە هەوڵ و مەترسییەکانی ئەمەریکا هان نەدات، چونکە ئەگەری ئەو کارە بەرەنجامی خراپی بەدواوە دەبێت. ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا لە کاتێکدایە کە ئێران هیوای زۆری بە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا هەبووە، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی ئەو وڵاتە شتێکی دیکە دەردەخەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان:

گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران ناوچەکە ناسەقامگیرتر دەکات

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریی ئەوەی دا ئەو گوتارانەی کە دەبێتە هۆی هەڵکشانی ئاستی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، ناوچەکە زیاتر ناسەقامگیرتر دەکات. گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیفان دوجاریک، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانەی خۆیدا وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بە ئاستی گرژیی هەڵکشاوی نێوان ئەمەریکا و ئێران دایەوە. ستیفان دوجاریک جەختی لەوەکردەوە کە بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات مایەی نیگەرانییە و ڕایگەیاند: داوا دەکەین ئەو گوتارانەی ئاستی گرژییەکان دەبەنە سەرەوە، کەمبکرێنەوە. دۆخی ناوچەکە هەستیارە و چ چالاکییەکانی گۆڕەپانەکە و چ گوتارەکان، سەرجەم پێشهاتەکان دەکرێت بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و دۆخی لەرزۆکی ناوچەکە ناسەقامگیرتر بکات.

ئەڵمانیا دژ بە توندبوونی گوتاری ئەمەریکا و ئێرانە

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕاینەر بروەل ڕایگەیاند، ئەوان دژبە توندبوونی مشتومڕەکانن سەبارەت بە گرژییەکانی ئەمەریکا-ئێران. ڕاینەر بروەل لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە بەرلین ڕێکیخست باسی لە تویتێکی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کرد کە ڕایگەیاندبوو، "ئەگەر ئێران خوازیارە بجەنگێت ئەمە بەفەرمی کۆتایی ئێران دەبێت". گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕاشیگەیاند کە ئەوان وەک ئەڵمانیا دژبە توندبوونی گوتاری هەردوولان، هاوکات هەڕەشە دووڵایەنەکان و زیادبوونی گرژییەکانی بە نەگونجا و وەسفکرد. ڕاینەر بروەل هەروەها هێرشەکەی شەوی ڕابردووی بۆسەر ناوچەی سەوز لە بەغدا ئیدانەی کرد و داوای لە تەواوی لایەنەکان کرد هێمنانە مامەڵە بکەن تاکو دۆخەکە چیتر تەشەنە نەسێنێت.

نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی مامۆستا عەلی توانا دەکات

مامۆستا عەلی توانا بە کارە هونەری و شانۆنامە و چیرۆکەکانی، خزمەتی هونەر و ڕۆشنبیریی گەلەکەی کردووە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادەی هونەرمەند و نووسەری ناودار خوالێخۆشبێت مامۆستا عەلی توانا کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

کۆچی دواییی هونەرمەند و نووسەری ناودار مامۆستا عەلی توانا خەمباری کردین، پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خێزان و خانەوادە و کەسوکار و دۆستانی مامۆستا عەلی توانا و سەرجەم هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستان دەکەین.

مامۆستای خوالێخۆشبوو سالانێکی زۆر بە کارە هونەری و شانۆنامە و چیرۆکەکانی، خزمەتی هونەر و ڕۆشنبیریی گەلەکەی کردووە و لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکاندا ڕۆلێکی بەرچاوی هەبووە.

ئارامی بۆ ڕۆحی پاکی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلی توانا و سەبووری بۆ خانەوادە و دۆستانی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/5/21

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/5/22 ژمارە (5755)

کوردستانی نوێ.. لەنێوان تەشویقی ریفراندۆم و تەسویقی 16ی ئۆکتۆبەر دا

وەڵامێک بۆ شووخته لەکەدارەکەی ئەدگار 66

ئەو دەمامکدارانە کێ بوون کە کەرکووکیان تەسلیم بە حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران کرد و رێککەوتنێکی مایەپووچییان لەگەڵ ئیمزاکردن؟!

سەردار حوسێن



پرسی کەرکووک و ئەو بارودۆخەی ئێستا لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، نەک تەنها کورد، بەڵکو عیراق و ناوچەکە و جیهانیش بەگشتی دەزانێت لە دەرەنجامی ئەو خیانەتە مێژوویییە بووە، کە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کورستان و لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ئەنجامدرا، نەوەکو خوودی ریفراندۆم کە نزیک بە 93٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) دەنگیان پێداوە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە رۆژنامەیەکی موعتەبەری وەک (کوردستانی نوێ) رێگە بەوە بدات لەنێو لاپەڕەکانیدا ریفراندۆم و خواست و ئومێدی زۆرینەی کوردستانیان بە هەڵەی مێژوویی وەسف بکرێت.!



ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، زمانحاڵ و ئۆرگانی فەرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوای 28 ساڵ تەمەن و لە ژمارەی 7868 ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 2019/5/20 لە پاشکۆیەکی خۆیدا بەناوی (ئەدگار 66) سەروتارێک بڵاوەدەکاتەوە لە گۆشەیەک بەناوی (شوخت)، کە سەرلەبەری نووسینەکە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە، وەڵامدانەوەش لەبەر گرنگیی نووسینەکە نا، بەڵکو لەبەر ئەو هەستە خۆبەکەمزانییەی هەندێک لە تاکی کورد و نووسەری وتارەکە هەیەتی بەرانبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەی.

سەرتیپ جەوهەر نووسەری ئەو شوختە لەکەدارە، کە هێندەی من بزانم هیچێک لە نووسینەکانی بێ شوخت نین، لەسەرەتای وتارەکەیدا دەڵێت: دۆخی کەرکوک تادێت گرژو ئاڵۆزتر دەبێت، داگیرکردنی زەویوزار، دورخستنەوەی بەرهەمی خاکی جوتیاری کورد، ڕوخاندنی خانووی هاوڵاتیانی کورد، هەڵکوتانە سەر دێهات و گەڕەکە کوردەکان..تد. ئەمانە هەمووی دیمەن و ڕوداوەکانی چەندڕۆژەی کەرکوک بوون!) جارێ ئەم پەرەگرافە سەرەتاییەی وتارەکەی ناوبراو وێڕای هەڵەی زمانەوانی، زیاتر لە شین و واوەیلا دەچێت نەک وتاری سیاسی، بەڵام دەشکرێ بپرسین کێ هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتییەیە، کە بەسەر خاک و خەڵکی ئەم ناوچەیە و کەرکووکدا هاتووە. ؟! لە کەیەوە ئەو داگیرکارییە ڕووی لەم ناوچەیە کردووە. ؟! کێ ڕێگەی بەو هەموو هێزە ناسراو و نەناسراوەدا بێن خاک و ماڵ و ئازادیی کەرکووکییەکان داگیر بکەن. ؟! هەڵبەت ئەوانە هەر پرسیاری من نین، پرسیاری هەموو کوردستانییانە و وەڵامیش هەر لەلای نووسەری وتارەکەیە، ئەگەر جورئەتی دانپیانانی هەبێت، ئەگەرنا، هەر دەبێ بەردەوام بن لەسەر ئەم قسانەی تەنها قسەن و هیچکات کرداریان بەدواوە نەبووە و ناشبێت.!

دواتر نووسەری ئەو وتارە دەڵێت: (ئەوەی لەدوای ریفراندۆم ڕویداوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەوانەی لە شێنەیی باسی مافی کوردیان دەکرد، دەمامکداربوون و لەڕاستیدا هەر گورگن، لە پێستی مەڕدا). لەم پەرەگرافەیدا کە مەگەر هەر خوا بزانێت مەبەستەکە چییە، دیسان پرسیارێکی دیکە دێتەئارا، ئایا ئەوانە کێن لە شێنەیی باسی مافی کوردیان کردووە لە بەرامبەر ئەو هەستە خۆبەکەمزانییەی هەندێک لە تاکی کورد و نووسەری وتارەکەدا هاتووە. ؟! ئەدی بڕیارەکانی کەرکووکییەکان لە ریفراندۆم وەڵامی هەموو جیهان نەبوو بەوەی کە نایانەوێ چیتر عیراقی بن. ؟! ئەدی کەکووکییەکان بەرلە هەموو کوردستانیان بڕیاریان نەدا کەرکووک شارێکی کوردییە بەناسنامە کوردستانییەکەی و خەڵک و نەتەوەی دیکەشی تیادا دەژین. ؟! ئێستا منیش مافی ئەوەم هەیە لەو نووسەرە بپرسم: ئەو دەمامکدارانەی کێ بوون کە کەرکووکیان تەسلیم بە حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران کرد و ڕێککەوتێکی مایەپووچییان لەگەڵ ئیمزاکردن. ؟!

نووسەری ئەو شوختە هەر بەوەندەش ناوەستێ و لە بەشێکی دیکەی شوختەکەیدا دەنووسێت: (ئەوەی ڕووەدات لەخۆڕا نییە، زادەی هەڵەیەکی گەورەی بەشێک لەسەرکردایەتی کورد بوو کە دەستیان بۆ ریفراندۆمێکی ناوەخت برد).

بەشی یەکەمی ئەو قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵێ ئەوەی ڕووەدات لەخۆڕا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە ژێربەژێر بوو کە بەشێک لە سەرکردایەتی و دەستڕۆیشتووەکانی ناو عیراق ئیمزایان کرد، ناشێ نووسەری ئەم وتارە لەو کاتەدا، کە هەندەی بەسەردا تێپەڕنەبووە، بێئاگابووبێت، خۆ ئەگەر بەچاوی خۆیشی لە ڕووداوەکانی نەڕوانیبێت و گوێی بۆ دەنگوباسی میدیاکانیش نەگرتبێت، بەیاننامە و پەیامەکانی بەڕێزان جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەو سەروبەندە ماون و هەمیشەش بە ئەسەف و زیندوویی لە بیری تاکی کورد دەمێننەوە، کە وتیان: ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا ئیشی منالکار و کاڵفامەکانی ناو حزبەکەمان بوو.!

لەبەشی دووەمی ئەو قسەیەش کە نووسەری شوختەکە پێیوایە ئەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووک لە ئەنجامی ریفراندۆم بووە و ریفراندۆمیش هەم ناوەخت و هەمیش هەڵەیەکی گەورەبووە، دەمەوێ ئەوە بیری نووسەر بخەمەوە، کە هەڤاڵ و هاوکاری ئازیزمان بەڕێز ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان نوێ، لە دیمانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەی خەبات کە لە (ژمارە 5347 ڕۆژی 2017/9/13 لاپەڕە 7) بڵاوکراوەتەوە، بەوپەڕی گرنگیدان و هاندانی جەماوەرەوە دەڵێت: لەسەر ئێمە ئەرکە خەڵک تەشویق بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان. هەروەها بەڕێزیان دەشڵێت: ئەم چانسەی کە ئێستا هەیە چانسێکی کەم نییە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە چانسەکانی دیکەی کورد. ئێستا ئێمە چی بکەین؟! چی بە نووسەری ئەم شوختە بڵێین. ؟! ئایا بەڕاستی ریفراندۆم هەڵەیەکی گەورەبوو یان دەرفەتێکی گەورە؟! ئەم جۆرە نووسینە کە زۆرتر دەچێتە خانەی ئەنارشیزمەوە نەک ڕێکخستنەوەی نێو مافی کورد، پێمان دەڵێت، ئەو هەڤاڵە سەربەرزەی ینک یان ئەوەتا ناخوێنێتەوە بێ ئاگایە لە هەموو شتێک، یاخود مەبەستیەتی شوختێکی دیکەش لە دۆز و پرسی ڕەوای گەلی کورد بدات، هەرچەندە ڕەنگە زۆریش سەیر نەبێت ئەمجۆرە نووسین و نووسەرە قارچکئاسایە لە هەموو سێبەرێک دەربکەون، بەڵام سەیرە ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری وەک کوردستانی نوێ ڕێگە بدات ئەو جۆرە نووسینە بەسەر لاپەڕەکانیەوە هەبن، ئاخر ریفراندۆم نەک هەر هەڵە نەبوو، بەڵکو بە دانپیانانی دۆست و دوژمنیش باشترین خەباتی دیموکراسییانەی گەلی باشووری کوردستان بووە لەسەردەمی هەڵبژاردن و جیهانگیری و دیموکراسیدا. ریفراندۆم تەنها دەنگدان نەبوو بۆ سەربەخۆیی نیشتیمانێک کە100 ساڵە خوێنی لەپێناودا بەخشیووە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو ژێردەستەییەش بوو کە دوژمنانی کورد بەسەریاندا سەپاندووەو بەداخەوەش هەمیشە هەندێک تاکوتەرای کورد پشتیوانی دوژمنانان بوونە، ئێمە وەنەبێ لەوە بێئاگابین کە هەمیشە ئەو پلان و پیلان دژبە سەربەخۆییە لە نیشتیمانەکەمان هەیەو دەشبێت، بەڵام چاوەڕێش نەدەکرا بەو قەبارە و جۆرەبێت کە لە 16ی ئۆکتۆبەردا ڕوویدا. ئەوەی لەم شوختە لەکەدارەدا دەردەکەوێت تەنها فرێدانی قسەیەکی هەرزەکارانە نییە، بەڵکو تەسویقی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ییە، کە پێشتر هەمان ڕۆژنامە نزیک بە مانگێک بەر لەو خیانەتە تەشویقی بۆ ریفراندۆم دەکرد، بۆیە دەکرێ بپرسین: ئەوەتان لەچی و ئەویان لەچی. ؟!

بۆ ئەوەی نەبێتە ڕای زۆرینەی هەڤاڵ و هاوکارانمان لە ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، زۆر قسەی دیکەش هەن لەو نووسینە شوخنگامێزە، کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە، بەڵام بەپێویستی نازانم هەموو نووسینەکە شیتەڵ بکەم، بەڵکو ئەوەی پێویستە لەم دەرفەتەدا بگوترێت تەنیا ڕوونکردنەوەی چەند حەقیقەتێکە، کە ناکرێ لێی بێدەنگ بین.

نووسەری ئەو شوختە بەمەبەست و دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دێتەسەر باسی ڕێککەوتننامەکە و دەیەوێت گومان بخاتەسەر ناوەڕۆک و چۆنێیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی و عیراق بەگشتی، لەکاتێکدا ئەم بارودۆخەی ئێستا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەیە، پێویستی بە کۆدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هەمیشە لەوەشدا دەستپێشخەربووە و بەردەوامیش لە 28 ساڵی ڕابردووەدا قوربانیی بە بەش و ئیستحقاقی خۆی لە هەڵبژاردن و پلەو پێگە حکوومییەکان داوە بۆ ئەوەی نیومالّی کورد پەرتەوازەی نەبێت، وەک ئەوەی لە 16. ئۆکتۆبەر پەرتەوازەیان کرد، بەڵام ناشکرێت و کەسیش ئامادەنییە بەبێ پارتی مامەڵە لەگەڵ هیچ حزبێکی دیکە بکات لەسەرتاسەری کوردستان بەگشتی و کەرکووکیش بەتایبەتی، تەنانەت هێز و لایەنە سیاسییە عیراقییەکان بەسەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عیراقیشەوە بەبێ حزوور و ڕەزامەندی پارتی هیچ ڕێککەوتن و دانوستانێک پەسەند ناکەن، ئەوان باشتر لە هەندێک کاڵفامی ئەملاو ئەولا لە واقیعی سیاسی و جەماوەریی کوردستان تێگەیشتوون و بەڵگەشیان28 کورسی پەرلەمانی عیراق و 45 کورسی پەرلەمانی کوردستانە، کە پارتی توانی دوای ئەو هەموو پیلانە دوژمنکارانەیە زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بەدەستبێنێت، ئەوەیش سەنگی مەحەکی پارتی بەهێزتر کردووە تا هەم کوردستان و هەمیش چارەنووسی کەرکووک نەخاتە بەردەم قەدەرێکی نادیار، وەک ئەوەی نووسەرە شوختچییەکە پێیوایە چارەنووسی کەرکووک دەکەوێتە قەدەرێکی نادیارەوە.

هەموو ئەوانە و لەئێستایشدا دەرفەت بەدەستەوە ماوەو دەکرێ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش میدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەنێویشیاندا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ی ئازیز، ئیدی وچانێک بە سەرجەم کوردستانییان و خەڵکی شۆڕشگێڕی کەرکووک بدەن، کە بەدەست نەهامەتییەکانەوە گیرۆدەبوون، پێویست نییە ڕێگە بەوە بدرێت ئەو هەموو دووبەرەکی و ناکۆکی و گرێ دەروونییە شەخسییەی لەنێوکادیر و نووسەر و میدیاکارانی حزبەکە هەیە، وەک ڕای فەرمی بە خۆینەر بفرۆشرێتەوە.

ڕەنگە زۆریش سەیر نەبێت ئەمجۆرە نووسین و نووسەرە قارچکئاسایە لە هەموو سێبەرێک دەربکەون، بەڵام سەیرە ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری وەک کوردستانی نوێ ڕێگە بدات ئەو جۆرە نووسینە بەسەر لاپەڕەکانیەوە هەبن.

ئەو چانسەی کە ئێستا هەیە چانسێکی کەم نییە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە چانسەکانی دیکەی کورد

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە ڕووەوە سەلماندوویەتی، کە هیچ جیاوازییەک ناکات لەنێوان گەلی کورد و ئەو نەتەوانەی لە کوردستاندا دەژین

بەڵێ ئەوەی ڕووەدات لەخۆڕا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە ژێربەژێرە بوو، کە بەشێک لە سەرکردایەتی و دەستڕۆیشتووەکانی ناو ینک لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەوکاتەی عێراق و ئێرانییە دەستڕۆیشتووەکانی ناو عێراق ئیمزایان کرد.

ڕۆژنامەی خەبات ـ ژمارە (5347) ـ ڕێککەوتی 2017/9/13.

بەرپرسی لقی 16: ئەرکی لەپێشینەی کابینەی نوێی حکومەت باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان دەبێت



بەمەبەستی خستنەڕووی دواینێ ڕووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەو پرسی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ,لێژنە ناوچەی بنەسڵاوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کارگێڕانی لق و بەرپرسانی حزبی و حکومی سنوورەکە و بەشێک لەرێکخستنەکان و جەماوەرێکی دەقەرەکە لەقەزای دەستی هەولێر کۆڕێکی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازدا. سەرەتای کۆڕەکە بەوەستانی خولەکێک بۆ ڕێز گرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان

سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد ,دواتر بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئاماژەی بەچەند پرسێکی تایبەت بەکوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد بەتایبەتی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند و ئەو هەڕەشانەی لەلایەن عەرەبە شۆڤێنیەکانەوە دەکرێنە سەر هاوڵاتیانی کوردی ناوچە جێناکۆکەکان و هەڕەشەو لێدوانە تونەکانی نێوان بەرپرسانی ئەمەریکاو ئێران کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر ناوچەکە. لەبەشێکی دیکەی کۆڕەکەیدا بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەتێپەڕاندنی یاسای

کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد لەپەرلەمان کە بەزۆرینەی هەرەزۆری دەنگی پەرلەمانتاران تێپەڕێندرا ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەبوو بۆ گەلەکەمان و بەو پێیەش لەچەند رۆژی داهاتوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت کە کاندیدی پارتی بۆ ئەو پۆستە کاک نێچیرڤان بارزانی یەو دواتریش کاندیدی پارتی کاک مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەم و چاوەڕوان دەکرێت لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا حکومەتی نوێ ڕابگەیەندرێت کە ئەرکی لەپێشینەی باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان و خزمەتگوزاری دەبێت بۆیان.

هەر منداڵێکی بێ سەرپەرشتیار پێش جەژن 200 دۆلار وەردەگرێت



خەبات-ئالان شەهاب: ئیسماعیل عەبدولعەزیز ئەندامی دەستەی گارگێڕی و سەرپەرشتیاری هاوکاری لە دەزگاڵی خێرخوازی بارزانی بە خەباتی ڕاگەیاند : دەزگای خێرخوازی بارزانی بە سپۆنسەری دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر 8 هەزار منداڵی بێ دایک و باوک و هەر منداڵێک 200 دۆلاری پێ دەدرێت پێش هاتنی جەژن و ئەم بەرنامەیە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

هەروەها گوتی ئەم پڕۆژەی تا ئێستا نزیکەی 70 کەس شەهید و بریندارببوون لە خانەقین. باسی لەوەشکرد، "بڕیارە شاندێک لەبەغداوە بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، بەڵام پێویستە ئەو کێشەیە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت و ناکرێت بەوشێوەیە بەردەوام بێت.

نوێنەری جووتیارانی مەخموور: ئامادە نین هیچ پشکێک بە عەرەبی هاوردە بدەین



لەسەر داواکاریی هێزە عێراقییەکان دوورینەوەی گەنمی جووتیارانی کورد ڕاگیرا و هۆکارەکەشی بۆ داواکاریی عەرەبەکان بووە کە داوای پشکی گەنم و جۆ دەکەن. دەشتی دزەیی، وەک نوێنەری گوندەکانی سنوری مەخموور بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: "دوێنێ دووشەمە 2019/5/20 لە بارەگای هێزە عێراقییەکان لە مەخمور کۆبوونەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانمان، بەڵام بەهۆی پێداگریی عەرەبە هاوردەکان کە داوای پشک دەکەن، ئێمە ڕەتمان کردەوە هیچ پشکێکیان بدەینێ و فەرماندەی هێزە عێراقییەکانیش بریاری دا بە ڕاگرتنی دوورینەوەی گەنمەکان تا چارەسەریی کێشەکە.

نوێنەری جووتیاران گوتیشی: "ئەم ڕاگرتنە مەترسیی بۆ سەر بەرهەمی گەنم دەبێت و ئێمە هیچ پشکێک نادەین بە عەرەبە هاوردەکان. ئەو جووتیارانە بە مەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانیان هاتوونەتە پەرلەمانی کوردستان. ماوەیەکە لە سنووری مەخموور، قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووک و قەزای خانەقین و جەلەولا و دەوروبەری و بەگشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، عەرەبە هاوردەکان بە زەبری هێز و بە هاوکاریی هێندێ لیوای سەر بە سوپای عێراق و شەوانە بەناوی داعشەوە هەڵدەکوتنە سەر زەوی و زار و دەغڵودانی جووتیارانی کورد و جیا لە دوورینەوە و بەتاڵانبردنی، ئاگریان لە سەدان دۆنم زەوی و زار و دەغڵودان بەر داوە و ناڕەزایی زۆری جووتیارانی کوردی لێ کەوتووەتەوە.

بەرپرسی لقی 15ی پارتی: سوتاندنی زەوی هاووڵاتی کورد لە خانەقین بەردەوامە



بەرپرسی لقی 15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین دەڵێ: سوتاندنی زەوی کوردەکانی سنووری خانەقین بەردەوامە و تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی 700 دۆنم، پێشی وانییە داعش بتوانێ ئەو کارە بکات، دەشڵێ، دەستی حەشدی شەعبی تێدایە و خەڵکی خانەقینیش چیتر تەحمولیان نەماوە و لە یاداشتێکدا داوای گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن، چونکە جگە لە زیانی ماددی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر 70 شەهید و بریندار کورد لە ناوچەکە هەیە. شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "سوتاندنی گەنمی جوتیاران بەردەوامە و تاوەکو ئەمڕۆ گەیشتۆتە 700 دۆنم زەوی و، ئەوەیشی ماوە بسوتێندرێت هێشتا تەڕە، ئەگەرنا ئەوەش دەسوتێنن، چونکە تەنیا لە جەلەولا 150 دۆنم سوتێندراوە. ناوبراو گوتیشی: "خەڵکی خانەقین چیتر تەحەمولی ئەو دۆخە ناکەن و لە یاداشتێکدا داوا دەکەن بە زووترین کات پێشمەرگە بگەڕێتەوە، چونکە بڕوا ناکەم ئەمە داعش بێکات و ئەمە حەشدی شەعبییە ئەوکارە دەکات، لەبەر ئەوەی هەرچی داعشە بۆتە چەکداری حەشدی شەعبی و لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر

هەولێر... کونسوڵخانەی تورکیا ئێوارەخوانێکی بۆ منداڵانی خانەکانی نەوجەوانان سازکرد



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: دوێنێ ئێوارەخوانێک لەلایەن کونسوڵی ولاتی تورکیا لە کوردستان بۆ منداڵانی خانەکانی نەوجەوانان سازکرا بەئامادەبوونی هەریەکەلە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی و یوسف چاوشین بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێرو شێخ زەیتۆ بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێرو چەند کەسایەتیەکی دیکە ئامادەی ئەو ئێوارە خوانە بوون. لە وتەیەکدا پارێزگاری هەولێر دەستخۆشی لە کونسوڵی ولاتی تورکیا کرد بۆ ئاوڕدانەوە لە منداڵانی خانەکانی نەوجەوانان کارێکی گرنگە. شایانی باسە لەلایەن خۆشیانەوە منداڵانی ئەو خانەیە سوپاسی کونسوڵی ولاتی تورکیاو دەزگای خێرخوازی بارزانیان کرد.

بۆ شەوانی ڕەمەزانی کەلار

چەند بڕیارێک بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕ دەرکرا

خەبات/ سەبریە یوسف: بۆ ڕێکخستنی بازاڕی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەشەوانی ڕەمەزاندا چەند بڕیارێکی قایمقامییەتی شارچکەکەو چەند دام و دەزگایەکی تر دەخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. لەو بارەوە، سیروان حەسەن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامییەتی کەلار، بە خەباتی ڕاگەیاند" لەبەر ئەوەی بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە دوکانەکانی بازاڕی شارۆچکەی کەلار کراوەیە و خەڵکی سەردانی بازاڕ دەکەن، عەرەبانەو دەستگێڕ و ئۆتۆمبیلی زۆر تێکەڵاوی فرۆشیاران قەرەباڵغی و گرفتی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە، بۆ ئەو مەبەستە دوێنێ قایمقامی کەلار لەگەڵ شارەوانی و لایەنە ئەمنییەکان لە ئاسایش، پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ کۆبوونەوە و چەند بڕیارێک درا کە لەئەمشەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بڕیارەکانیش بریتین لە:

1- قەدەغەکردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکیل بە شەواندا بۆ نێو بازار.

2- عەرەبانەو چایخانەکان یەک مەتر بواریان پێدەدرێت لە شۆستەکەوە بێنە سەر شەقامی سەرەکی.

3- ڕێژەی ئەندامانی لیژنەی ئەمنی لە ئاسایش و پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ لە نێو بازاڕ زیاتر دەکرێت.

ڕاشیگەیاند" هەرکەسێک ئەو بڕیارانەجێ بەجێ نەکات ئەوا ڕووبەڕی لێپێچینەوە یاسایی دەبێتەوە.

سلێمانی... ئامێرەکانی گزی بەشێوەی نهێنی دەفرۆشرێن



بەڕێکلام بۆ ئامێرێکی گزی دەکرێت، کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەکار دەهێنرێت، ئێستاش ئەو ئامێرە لە لایەن چەند کەسێکەوە لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی بەشێوازی نهێنی دەفرۆشرێت،

قوتابی پەرژان بن ژ بۆ پارستنا ئارامی و دەستکەفتی و پێشڤەچوونا کوردستانێ



ب مەرەما نێزیک بوونا داوی هاتینا سالا نویی یا خواندنێ سەربەست تروانشی) ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەرا کولیژا نەوروز دا و ژ لایێ سەروکێ زانکۆیێ و ئەندامێن جڤاتا زانکۆیێ ڤە هاتە پێشوازی کرن و کوم بوونەک دگەل جڤاتێ گرێدا و د وێ جڤینێ دا بەرپرسێ لقێ دەست خوەشی ل سەروک و راگر و ماموستایێن زانکۆیێ کر بۆ ئەرکێ گرانیا لهمبەری قوتابیان هەروەسا بەرپرسێ لقێ گوت میللەتەک چاڤەرێی بەرهەمێ هەوەیێ زانستێ یە بۆ ڤی بەرهەمی سوپاهی ببنە پەرژان ژ بۆ دەست کەفتی و ئارامی و تەناهی و وەرارو پێشڤە چوون و ئاڤاکرنا کوردستانێ چونکی ئەوا بدەست ڤەهاتی ب شەقی و ماندی بوونەکا زۆرا خوەها ئەنیا پێشمەرگا و شەهیدێن کوردستانێ بوویە دڤێت هەستا نەتەوایەتی لدەف تاکی کوردستانێ بەرجەستە بیت، ل دوماهیێ بەرپرسێ لقێ هیڤی یا سەرکەفتنێ بۆ قوتابیا خواست د تاقیکرنێن ئەڤ ساڵە دا، سەروکێ زانکۆیێ و جڤاتا زانکۆیێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ پشتەڤانیا وی یا بەردەوام کو هەر دەستکەفتی یەکا مە بدەستڤە ئینا بیت ب هاریکاریا هەوەیا مادەی و مەعنەوی بوویە.

ئەحمەد کانی پشتیوانی بۆ سەندیکای دەرمانسازان دووپات دەکاتەوە



سەر لە بەیانی دوێنێ سیشەممە، 2019/5/21 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە د.ڕەنج محەمەد عەبدوڵڕەحمان بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو پشتگیری تەواوی لقی دووی بۆ د.ڕەنج و کاری پیشەیی دەرمانسازان دووپات کردەوە لەپێناو ئەوەی هەموان بەیەکەوە و بە پشتگیری حزب و لایەنە سیاسییەکان و دەرمانسازان، بتوانن لە خزمەت کەرتی تەندروستی و خەڵکی کوردستاندا بن.

خانەقین یاداشتێک ئاڕاستەی هەر 3 سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات



خەبات- سەربەست برزۆ: سەرۆک هۆز و کەسایەتی و پیاوماقوڵ و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و چالاکوانانی مەدەنی و رۆشنبیران و خەڵکی خانەقین لە گردبونەوەیەکدا لە هۆڵی رۆناکبیری سەلام لەبارەی دۆخی خراپی ئەمنی خانەقین و چواردەوری لە دوای خیانەتی 16ی ئەکتۆبەرەوە کە دەیان هاوڵاتی بونەتە قوربانی و چەندین گوند چۆڵ کراوە ، لە گردبونەوەکەدا یاداشتێکیان ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و ، لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی ئەیاد کەرکوکی ڕایگەیاند : کە لە گردبونەوەکەدا بڕیاردرا کە یاداشتێک ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین لە بارەی دۆخی ئەمنی خانەقین و چواردەوری ، لە یاداشتەکەماندا داوا کراوە کە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لە پێناو پاراستنی خانەقین و لەم دۆخەی ئێستای دەری کەن . هەروەها کەرکوکی ئاماژەی بەوە کرد کە خانەقین لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە لە ساڵی 2003 لە دۆخێکی ئارام و سەقامگیردا بووە هەتاوەکو 16ی ئەکتۆبەری ساڵی 2017 کە لەو بەرواردوە شاری خانەقین و چواردەوری لە دۆخێکی خراپدا دەژین و ، دەیان هاوڵاتی شەهید و بریندار بونە و، چەندین گوندیش چۆڵکراوە . جێی ئاماژە پێکردنە هەتاوەکو ڕۆژی پێنجشەم 2019/5/23 مۆڵەت دراوەتە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی دۆخی خراپی ئەمنی خانەقین و ، لەدوای ئەو بەرواردە وەک خۆیان ڕایانگەیاند هەڵوێستی جددی تریان دەبێت.

لەنێوەندی کۆنفرانسێکدا... بڕەودان بە تواناکانی قوتابیان لە پێشکەشکردنی پرۆژەکانیان خرایەڕوو



بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەیەک لە ڕاگری کۆلیژەکانی زانکۆ و قوتابیانی کۆلیژەکان، بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لەڕێردورشمی "بڕەودان بەتواناکانی قوتابیان لەپێشکەشکردنی پرۆژەکانیان" دووەمین کۆنفرانسی پرۆژەی تویژینەوەی قوتابیان و پۆستەری ئەکادیمی لەهۆی عەبدوڵڵا حەدادی کۆلیژی پەروەردە سازکرا.

لەسەرەتادا پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆ وتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا توانای قوتابیانی خستە ڕوو لەڕووی پێشکەشکردنی تویژینەوەکان تا ئەمە ببێتە بنەمایەک بۆ زیاتر گەشەسەندن و پێشکەوتنیان و خاڵێکی وەرچەرخان بێ لەژیانی خوێندن و پراکتیکردنی کارەکانیان کاتێک دەیانەوێ تویژینەوەیەک ئەنجام بدەن. لەلایەکی دیکەوە پ.د.نەبیل عادل وەک ڕێکخەری کۆنفرانسەکە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ گەیشتن بەو ئاستەی قوتابیان تا لە کۆنفرانسێکی وادا تویژینەوەکانیان پێشکەش بکەن، تا بتوانن لە ژیانی کاردا سوودی لێ وەربگرن.

لەپاشاندا دەستکرا بەپێشکەشکردنی تویژینەوەکان لەلایەن قوتابیانی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر لەڕێڕەوی هەمان هۆڵدا ئەنجامدرا و زیاتر لە بیست قوتابیش بەشداری ئەو پیشەنگەیەدا کردبوو، لەلایەکی دیکەوە لەدرێژەی کۆنفرانسی پرۆژەی تویژینەوەی قوتابیاندا پرۆژەی تویژینەوەی قوتابیانی کۆلیژەکانی دیکەی زانکۆ بەردەوام بوو بۆ قوتابیانی کۆلیژەکانی زانستە ئیسلامییەکان و هونەرە جوانەکان و پەروەردەی شەقلاوە و پەروەردەی مەخموور، ئەوەی شیاوی باسە لەنێوەندی پێشکەردنی هەر تویژینەوەیەک لە پاشاندا گفتوگۆ لەلایەن ئامادەبووانەوە دەخرایە ڕوو، بۆ زیاتر دەڵەمەندکردنی تویژینەوە.

تیمەکێ ئێکەتیا ئەورپا یێ شیرەتکاری و چاکسازیکرنێ دکەرتێ ئەمنی دا دێ هاریکاریا سازییێن ئێمناهیێ ل پارێزگەها دهوکێ کەت

خەبات- دهوک: دوهی سپێدێ 2019/5/21 ل کوچکا میهقاندارییا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا مارکوس ریتەر سەروکێ شاندێ ئێکەتیا ئەورپا یێ شیرەتکاری وچاکسازیکرنێ دکەرتێ ئەمنیا ئیراقێ دا کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا چەند بەرپرسێن ئێمناهیێ ل پارێزگەها دهوکێ بەحسێ ڕەوشا دام ودەزگەهێن ئێمناهیێ ل پارێزگەهێ و ئەو خزمەتا دبوارێ ئێمناهییدا پێشکێش دکەن ب گشتی هاتە کرن.

دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ بەرنامێن شاندێ ئێکەتیا ئەورپا یێ شیرەتکاری و چاکسازیکرنێ دکەرتێ ئێمناهیدا وچاوانیا هاریکاریکرنا سازییێن ئێمناهییێ ل پارێزگەهێ دبیاڤێ پێشئێخستنا شیانێن پیشەیی یێن کارمەندێن ئێمناهییێ دا هاتە کرن. سەروکێ شاندێ ئێکەتیا ئەورپا یێ شیرەتکاری وچاکسازیکرنێ دکەرتێ ئەمنیا ئیراقێ دا تەکەزکر کو هاتینە ژنێزیک ڕەوشا سازییێن ئێمناهییێ ل پارێزگەهێ بزانن پاش ب ڕێکا بەرنامێن تایبەت هاریکاریا کەرتێ ئێمناهییێ بکەن کو باشتر خزمەتێ پێشکێش بکەن. پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانا شاندێ ناڤبری دیارکر وچەند ڕونکرن دانە سەر هەیکەلیتا سازییێن ئێمناهییێ و بەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هەڤکاریەکێ دگەل تیمێ ئێکەتیا ئەورپا یێ شیرەتکاری و چاکسازیکرنێ دکەرتێ ئەمنیا ئیراقێ دا بو وێ یەکێ کار وئەرکێن سازییێن ئێمناهییێ ل پارێزگەهێ باشتر بهێنە ئەنجامدان.

حاجی ئۆمەران... 50 تۆن لە ماکارۆنی گەڕێندرایەوە بۆ ئێران

کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، لە ڕاگەیاندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە، "دوێنێ سێشەممە 2019/5/21 دەستمان کرد بە گەڕانەوەی 2 بار هەڵگر کە بڕی 49 تۆن و 940 کیلۆگرام لە ماکارۆنی جیهانی هەڵگرتبوو و لەلایەن لێژنەی هۆبەی نمونەی خۆراک پشکنینی بۆ کرا، بەڵام لە پشکنینیدا دەرنەچوو. ڕوونیشکراوەتەوە، ماکارۆنییەکە میژووی دەرچوون و بەسەرچوونی بەپێی ستاندارتی نێودەوڵەتی نەبووە، بۆیە لەلایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگا گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران.

ڕێگای نێوان سحێلا و زوممار بەڕووی هاووڵاتیان کرایەوە



تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بەڕێوەچوو



لەهۆڵەکانی سەنتەری تویژینەوە و سەنتەری زمانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر بەئامادەبوونی یاریدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر بەڕێوە چوو ، ئەمەو ئەو جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ زیاتر زانینی ئاستی قوتابییە بەشداربووەکانە تا بزاندرێ ئاستیان لە تاقیکردنەوەکانی زمانی ئینگلیزیدا لەچ ئاستێکدا، تا ئێستاش زیاتر لە 500 قوتابی کۆلیژەکانی زانست و زمان و پەروەردەی بنەڕەتی و پەروەردە بەشداری ئەو تاقیکردنەوەیان کردووە، هاوکات ئەو تاقیکردنەوەیە ماوەی یەک هەفتە دەخایەنێ و هەمان ئاستی تاقیکردنەوەی جیهانییەکانە.

بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زۆماری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایەدگەیەنێت، دوای ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەبارەی ڕێگای نێوان سحێلا و زۆمار بە فەرمیی ئەم ڕێگایە کرایەوە.

حەسەن خەلۆ، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناحیەی زۆمار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، "ماوەیەک لەمەوبەر پیاوماقوڵانی ئەم سنوورە لەگەڵ (سەرۆک بارزانی) کۆبوونەوە، سەرۆک بڕیاریدا بە کردنەوەی ئەم ڕێگایە، بۆیە پاش ئەوەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر ڕێگای نێوان سحێلا و زۆمار هاتبووە گرتن، بەفەرمی دوای ڕێککەوتنێکی فەرمی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی هەردوولا ئەم ڕێگایە کرایەوە.

لەبارەی گرنگی کردنەوەی ڕێگاکەش، خەلۆ گوتی، "هەوالّی کردنەوەی ئەم ڕێگایە بۆتە مایەی دڵخۆشی بۆ خەڵکی سنوورەکە و کردنەوەشی زۆر گرنگە بۆ خەڵکی سنوورەکە بە گشتی، هەروەها بۆ قوتابیانمان و کاسب کاران و جووتیاران و بازرگانانیش.



فەزیلە شۆرش*

لێکدانەوەیەک بۆ بابەتێک لەژێر ناوی پەیامێک بۆ ڕۆژی جیهانی دایک

بەگرنگم زانی لەدوای خوێندنەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەنووس ساسان دەرویش لەهەمان لاپەڕەی ئافرەتان لە 5/15/ 2019 لە ژمارە 5750 خەباتدا لە ژێر ناوی "پەیامێک بۆ ڕۆژی جیهانی دایک"، بەدواداچونێکم هەبێت بۆ وەلامێکی دروست و پشتگیرکردن لە بیرۆکە و پڕۆژەکەی کە خواستی هەر یەکەمانە بۆ ئەم ڕێزگرتنە لە دایک و پەیامەکەی ئاراستەی هەر یەکەمانی کردووە بۆ گەیاندنی بە ئامانجەکەی و بە یاساکردنی لە پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە منیش دەڵێم: دایک زیاترە لە وشەیەک، دایک سۆزە، خۆشەویستی بێبەرامبەرە، ئارامیە، دایک بوونی نیعمەتێکە خوای گەورە بە ژۆربەی مێنیەکان دەبەخشێت. بەداخەوە هەموو منداڵێک لە ژێر سێبەری دایکی گەورە نابێت و هەموو ئافرەتێکیش نیعمەتی دایک بوونی بەرناکەوێت، ئەوەش قەدەری ولات و نیشتیمانەکەی من و هەمووانی کورد کە دوژمنان بە دریژایی مێژوو زوڵمان لێدەکەن لە شەڕ و ئاژاوە نانەوە بۆمان لە کوشتار و ماڵوێرانی کە بەشی شێری قورسایی هەمووی بەر ئافرەتی ئێمەی کورد کەوتوون. هەر وەک دەڵێن ئافرەتی کورد بە دەستێک ماڵداری و بە دەستەکەی تر شۆڕش دەکات کە لەو پێناوەدا زۆرترین ئافرەتی کورد گیانبازیان بۆ نیشتیمان کرد و گیانی پیرۆزی خۆیان خەڵات کرد. وێڕای دایکی شەهیدانی سەربەرز کە ڕۆڵەکانیان هەر بە نەوجوانی ڕەوانەی سەنگەرەکانی بەرگری دەکەن و خۆیان دەگەیەننە دوا پلەی سەربڵندی و شەهیدبوون کە ئەم کاروانەش لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژووی کوردایەتی هەر بەردەوام بووە و دایکانی شەهیدان و ئافرەتانی خۆڕاگر پیرۆز بوون لە لای باوکی ڕۆحی نەتەوەیمان مستەفا بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان، دیارە هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بووە کە هاوکات لەگەڵ ڕۆژی نەورۆزی سەری سالّی کوردی جەژنی دایکان پیرۆزبکرێ، ئەوەتا لە ووڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ڕۆژی جیهانی دایک لەیەک کات و ساتدا پیرۆز دەکەن وەک وەفایەک بۆ ئەو شەونخونیەی دایک بۆ ڕۆڵە و خێزان و نیشتیمانی دەکات، ڕۆژی دایک بەرز ڕادەگرن و ئامادەکاری باش و جیاجیای بۆ دەکەن بە تایبەتی منداڵ و هاوژینەکانیان هەڵدەستن بەم کارە و دیاری پێشکەش دەکەن ودوکانەکانیش کەلوپەلی تایبەت بەو ڕۆژە دابیندەکەن، بەداخەوە هەر وەک لە پەیامەکی ساسان دەرویش ئاماژەی پێدراوە ڕۆژی دایک تێکەڵکراوە بە نەورۆز و لە بایەخی تایبەتی خۆی دوور کەوتۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا 8ی مارس ڕۆڵی ئەوتۆی تیا نییە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە تایبەتە، بۆیە ئێمەیی کوردیش لەم سەردەمەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگی تیابینیوە لە بەرەوپێشچوونی ئافرەتان و بەشداریکردنیان لە دەستەڵات و ناوەندەکانی بڕیاردان، ئێمەش پێمانخۆشە وەک بیرخستنەوەیەک لەگەڵ پەیامەکەی ساسان دەرویش، پەرلەمانی کوردستان لە کابینەی نوێ خۆیدا بڕیار لە ڕۆژێکی تایبەت بەدایک ڕابگەیەنێت بە تایبەتی ناوی دایکانی شەهیدان و دایکی نموونەیی بێت ئەگەر بکرێ چاوێک لە ساڵنامەی کوردی بکرێ و لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی جوانی نموونەی ئافرەتی کوردی هەڵدرێتەوە بۆ ئەو ڕۆژە وەک سیمبوڵی خۆڕاگری ئافرەتی کورد بە دریژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیمان کە دایکانی کورد چ ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بە ڕۆژگاری ئەمڕۆشەوە ڕۆژێکی تایبەت دیاربکرێ بە دایکانی شەهیدانی کوردستان، لەو ڕۆژە تایبەتەدا بۆ دایکان بێتە نەریتک لەنێو خێزانەکان لە ڕیزگرتن و خۆشەویستی وەفاداری نواندن بۆیان بە تایبەتی شێرە دایکانی شەهیدان لەنێو ئاهەنگی خێزانی و ڕێکخراوەیی بتوانین ڕێزلێنانیان بۆبکەین و بیاندوێنین و ئاهەنگی خۆشیان بۆ سازبکەین و خەندە بخەینە سەر لێوانیان و فرمێسکیان بسڕێن بەخزمەتکردنیان و دیاری پێشکەشکردن پێیان. بەهیوام بەدواچوونی تر هەبێت بۆئەم بابەتە گرنگە بۆ گەیشتن بەئامانج و خزمەتی شێرەدایکانی شەهیدان ودایکانی نموونەیی.

* بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خێزان بەرامبەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی منداڵان



ئا/ ژیلا کەریمی

ئەنجامی تاقیکردنەوە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی منالانە لە ساڵێکی خوێندندا. بێشک هەر بنەماڵەیەک چاوەڕوانی سەرکەوتن دەکات، بەڵام دەشێت ئەو چاوەڕوانییە لەئاست ئەنجامەکان نەبێت و لە ڕاستیدا ئەوەی منداڵ دەیخاتە بەر چاویان بەدڵیان نەبێت. ئەو بابەتە ڕەنگە هەندێ کاردانەوەی دایک و باوکی لێبکەوێتەوە و هەستی ناسکی منداڵ بڕوشێنێت و کاریگەری قوڵتر دابنێت و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خوێندن و داهاتووی منداڵ هەبێت.

زۆر منداڵمان بینیوە کە بە هۆی کاردانەوەی توندی خێزان بۆ هەمیشە وازی لە خوێندن هێناوە و داهاتووی فەوتاوە. ئێستا بە پێی ئەو قسانەی سەرەوە خاڵی ڕەوانناسی دەخەینەڕوو تا باوکان و دایکان لەکاتی وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی منداڵەکان لەبەرچاوی بگرن:

– منداڵانی ئێمە دەبێت لەوە تێبگەن کە سۆز و خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەوان پەیوەست بە سەرکەوتنەکانی خوێندنیان نییە و ئێمە وەک دایک و باوک ئەوانمان بە سیفەتی منداڵ خۆش دەوێت، نەک وەک قوتابی سەرکەتوو و یەکەمی قوتابخانە.

– هەوڵ بدەن خاڵی بەهێزەکانی نێو ئەنجامەکە زەق بکەنەوە بۆ ئەوەی منداڵ تێبگات کە لە تواناکانی دەگەن و ڕێزی لێدەگرن. هەروەها لە بارەی دەرجە کەمەکان بۆ وێنە دەرجەی 50 بڵێین کە ئەوە واتا ئەو لە نیوەی بابەتەکەی تێگەیشتووە و سەرکەوتن لەو خاڵەوە دەکرێت بە ماندوو بوونێکی زیاتر بەدەست بێت.

– کاتێک ئەنجامی خراپیان هەبوو هاوخەمیان بکەن و هەوڵ بدەن لە هۆکار و قسەی بەشێوەیەک چەقبەستوو بکۆڵنەوە کە هەستی منداڵ بریندار نەکات و ئەو ڕاستیە بە منداڵ ڕابگەیەنن کە ئەنجامەکان بەڵگەی ئەوە نین کە ئەو کەسێکی بێسوودە و هیچ ناکات، بەڵکو ئەنجامەکان تەنیا ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو پێویستی بە زیاتر هەوڵدان و ماندووبوون هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ئەو ئەنجامانەی کە هاوڕێکانی بەدەستیان هێناوە.

– بەشێوەیەک کە سەربەخۆیوون و متمانەبەخۆبوونیان لاواز نەبێت پاڵپشتیان بکەن. منداڵان دەبێت هەست بەوە بکەن کە ئێمە لەگەڵیانین و بەرامبەر، یان جیا لەوان نابین.

– بەهیچ شێوەیەک ئەوان لەگەڵ کەسی دیکە بەراورد نەکەین، چونکە هەر مرۆڤێک کەسێکی جیاوازە و کۆمەڵە تواناییەکانی لەگەڵ کەسانیتر تەنانەت خوشک و براکانی جیاوازە. هەر کەسێک دەبێت تەنیا لەگەڵ خۆی بەراورد بکرێت.

– دەرجە نەکەینە پێوەری زانست و ڕێز. دەرجە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەروەردەیی و خوێندن کە تەنیا پێویستە لە ئاست خۆی بایەخی پێبدرێت. نابینە کەسێکی خولیای دەرجەی بەرز و توانای منداڵان لە سەرووی ئەو دەرجە ڕەمزیانە بدۆزینەوە.

– بەر لە وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان کەشی ماڵەوە والێنەکەین کە بە شکست هێنانی منداڵەکەمان ئەو هەستەی تیا دروست بێت کە هەموو شتێکی لەدەستداوە. بە شێوازێکی ژیرانە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شکست بزانین و ئیزن نەدەین بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر هەستی منداڵ دابنێت و ڕێگە نەدەین ببێتە کارەساتی خێزانی کە نموونەی زۆر دڵتەزێنمان لەو بارەوە بیستووە و بینیوە.

– سەرەڕای ئەوەیکە منداڵەکەمان هەندێ لاوازی و کەموکوڕی لە وانەکان هەیە بووبێت، وەرزش و خۆشگوزەرانی منداڵ لەبیرنەکەین و هەوڵبدەین بە بەهێزکردنی ڕۆح و جەستەی، توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستریس و دڵەڕاوکێ بەرینەسەر.

– هەمووکات لەبیرمان بێت ئێمە بە پلە یەک دایک و باوکین نەک مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە.

لەدایکبوونی سێ جمک بە جیاوازی 11 ساڵ



تا ئێستا باو بووە کە منداڵ دوانە بێت یان سێ و چوار جمکی بە جیاوازی چەند خولەکێک لە یەکتر لەدایک دەبن، بەڵام ئەم سێ خوشکە جمکە دوانیان بە ماوی یەک دوو خولەکی جیاواز و سێهەمی بە جیاوازی 11 ساڵ دواتر لەدایکبووە. دایکی ئەو منداڵانە پاش ئەوەیکە دوو کچی بە ماوەی چەند خولەکێک دەبێت پزیشک ئاگەداری دەکاتەوە کە جمکی سێهەمیش بەڕێوەیە، بەڵام دەتوانن بڕیار بدەن و ئەو جمکە بە شێوەی بەستوو فریز بکەن تا هەر کاتێک بڕیاریاندا لەدایک ببێت. ئێستا ئەو بنەماڵەی پاش یازدە ساڵ بە هاتنی جمکی سێهەم بۆ نێو خێزانەکەیان هەست بە بەختەوەری دەکەن.

چەند هۆکار بۆ دوورکەوتنەوە لە پێڵاوی پاژنەبەرز



ئا/ نەرمین بازید

پێڵاوی بەرز لە ڕوانگەی فیزیۆتراپەکانەوە، لە گرووپی پێڵاوە ناتەندروستەکان دانراوە کە دەتوانێت لە کاریگەری نێگەتیڤ لە کۆتا مەودا و دریژخایەن بۆ تەندروستی ئافرەتان هەبێت.

ئەمجۆرە پێڵاوانە هۆکارن تا کێش بە شێوەیەکی نادروست لە پانێ و پەنجەی پێ بڵاو بێتەوە. کاتێک ئافرەت پێڵاوی بەرز لەپێدەکات خوێن بە زەحمەت دەگاتە پەنجەکانی پێ و ئەمەش هۆکارە بۆ ئاوسانی پێیەکان. ئەگەر بەردەوام بن لە بەکارهێنانی ئەم پێڵاوە بەرز لە دریژخایەن کاریگەرییەکان قوڵتر دەبنەوە. بە لەپێکردنی پێڵاوی بەرز، پێ لەبری ئەوەیکە لەسەر پانێ بوەستێت لەسەر پەنجەکانە و ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆکاری کورت بوونی تاندۆنی ئاشیل و ماسولکەکانی پشت پێ و تاک لەو کاتەدا زووتر و زیاتر هەست بە ماندووبوون دەکات. وشکبوونەوە، دمارتوندبوون، ژان و بێتاقەتی ئەو کاریگەرییانەن کە بە هۆی کورتبوونەوەی ماسولکەکانی بەلەکی پێ بە هۆی پێڵاوی بەرز ڕوودەدەن. پێ بە دڵی دووهەم ناسراوە کەواتە هێمنتر مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

پێڵاوی بەرز و پوکانەوەی ئێسک: ڕەنگە زۆربەی ئافرەتان لەو باوەڕەدابن کە پوکانەوەی ئێسک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەمەنەوە هەیە لە حاڵێکدا پوکی ئێسک تەنیا پەیوەست بە تەمەن نییە و بە لەبەرچاوگرتنی وەستانەوەی سووڕی مانگانەی زووتر لە وادە یان شێواوی لە سووڕی مانگانە و شێوازی ژیان، دەبێت چاوەڕێ بین پوکی ئێسک لە تەمەنی خواروتر ڕووبدات. ئەو ئافرەتانەی پێڵاوی بەرز لە پێ دەکەن، سەرەڕای سووڕانی پێ بە هۆی ناهاوسەنگی، ئەگەری بەربوونەوەیان هەیە و ئەو کەوتنە ئاساییە لەو ئافرەتەی تووشی پوکی ئێسک بووە دەتوانێت ببێتە هۆی شکانی حەوز و دروستبوونی کێشەگەلێک کە چاوەڕوانکراوە.

گەنجان و مێرمنداڵان و زیانی زیاتر: بەداخەوە هەندێ لە خێزانەکان بۆ کچە هەرزەکار و گەنجەکانیان پێڵاوی بەرز دەکڕن کە بەداخەوە لەو ڕووەوە کە ئەوان لە تەمەنی گەشە دان زیانی زۆر جیدی دەبێت و ئەو لارییەی لە فەقەرات دروست دەبێت زیاتر و دریژخایەنترە.

سەرەنجی پانەی پێڵاو بدەن: پێڵاوی بەرزی پانێ باریک ڕادەی ئەو پانتاییەی کە دەبێت کێشی مرۆڤ هەڵبگرێت کەم دەکاتەوە و ئافرەت لەو جۆرە پێڵاوەدا پێویستە زیاتر ئاگەداری هاوسەنگی خۆی بێت. لە لایەکیتر لەمجۆرە پێڵاوە نوکی پێڵاوەکەش تەسکە کە دەبێتە هۆکار بۆ خواربوونی پەنجەکانی پێ. بە هۆی پۆشینی بەردەوامی پێڵاوی بەرز بەشێک لە ماسولکەی پشت بەلەک تووشی کورتی دێت و لەو ڕووەی کە بە ئەژنۆوە پەیوەستە کێشەی نوێ دروست دەکات و ئەژنۆ بەڕەو پشتەوە دەچێت و لە نۆرمی ئاسایی دەردەچێت. دواتر کێشەکان دەگەنە ئێسکی حەوز و فەقەرات و ژان لە پشت و ئەگەر بەردەوام بن ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی فەقەرات و ئێنزیلاق چەند هێندە دەبن.


کێشەکان لە بن نایەن: بەو هۆیەی کە ئەو کۆمەڵە ئێسکە پەیوەستن بە یەکەوە ڕوودانی کێشە لە هەر بەشێک کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەش دەبێت و کووڕی پشت و ئازاری مل و ژانەسەر و تەنانەت کێشە لە شەویلاگیش سەرهەڵدەدات. واتا ئازارەکان ئەوەندە بلاوە کە جێی سەرسوڕمان و تێڕامانە بۆ ئەو ئافرەتانەی بەردەوام ئەمجۆرە پێڵاوە دەپۆشن.

پێڵاوی بەرزی باش بوونی نییە: ڕەنگە هەندێ لە ئافرەتان واببربکەنەوە ئەو پێڵاوە بەرزانەی پانەی یەکدەستیان هەیە دەتوانێت هەڵبژاردەیەکی باش بێت کە ئەوە باوەڕێکی هەڵەیە. ئافرەتان دەبێت بزانن پێڵاوی بەرز هەرچەندە ڕاحەت و مارکە و چۆنیەتی باش بێت، دیسان پێڵاوی بەرزە و زیانی بۆ تەندروستی هەیە. ئافرەتان تا ئەو جێیەی دەگونجێت دەبێت خۆیان لە پێڵاوی بەرز بەدوور بگرن و ئەگەر زۆر حەزیشی لێدەکەن دەبێت کەمتر بەکاری بهێنن. هەروەها ئەو ئافرەتانەی پێڵاوی بەرز لە پێدەکەن دەبێت زۆر کەمتر چالاکی و جوڵەیان بەو پێڵاوانەوە هەبێت و نابێت شتی قورس هەڵبگرێت. کاتێک ئافرەتێک بە پێڵاوی بەرزەوە کەشفەیەک چا هەڵدەگرێت، کێشی ئەو کەشفە چایە پێنج هێندە زیاتر زەخت دەکاتە سەر موورووکانی پشتی و بە بەرزی پێڵاوە ئەو کێشە چەند هێندە دەبێت. بەداخەوە ئافرەتانی ئێمە لە کاتی دەوام و حەفلە و هەڵپەڕکێ بەردەوام حەز بەو پێڵاوانە دەکەن کە پێویستە ڕۆشنبیری زیاتر لەو بارەوە بڵاوبێتەوە.

نازناوی جوانی بەستوو بۆ ئافرەتێکی چینی



مانەوە بە گەنجی ئاواتی زۆربەی مرۆڤەکانە بە تایبەت خانمان و بۆ ئەو مەبەستە زۆر ڕێگە تاقی دەکەنەوە و زۆر شت بەکار دەهێنن، بەڵام ئەوە بۆ هەندێک کەس نەبۆتە ئاوات و وەک دیاربیەکی ئیلاهی پێیان بەخشراوە. خانم ئەکتەری چینی Lio Xiaoging لەدایکبووی ساڵی 1955و بە 62 ساڵ تەمەنەوە وەک کچێکی گەنج ماوەتەوە. بێشک ئەوانە لە سایەی خواردن و خەوی تەندروست و ئاگەداری سروشتییە کە خودی ئەو خانمە ئاماژەی پێدەکات. ڕوالەتی گەنجی ئەو خاتوونە ئەوەندە گەنجانەیە هەر وەک بڵێی ساڵانی گەنجی کات وەستاوە یان فریز کراوە بەشێوەیەک کە لە میدیاکان بە جوانی بەستوو ناوبانگی کردووە.



سیناریۆکانی بەرپابوونی جەنگ لەنێوان ئەمەریکا و ئێران

خەبات: تریفە ئازاد

پاش ئەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی 5+1 کشایەوە و گەمارۆی ئابووری قورسی خستە سەر ئێران و هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی قەدەغەکرد و سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی تیرۆر و ئێستاش هەڕشەی جەنگ لە ئێران دەکات ئەگەر گەرووی هورمز دابخات یاخود هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دەڤەرەکەدا. بەم شێوەیە ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران لەوپەڕی گرژیدایە، بەتایبەت پاش ئەوەی دۆنالْد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا ژمارەی تەلەفۆنی خۆی بۆ بەرپرسانی ئێران خستەروو بەنیازی ئەوەی ئێران پەیوەندی پێوە بکەن و داوای گفتوگۆ لە ئەمریکا بکەن، لەلایەن خۆیانەوە بەرپرسیانی ئێران رایان گەیاند کە کەس پەیوەندی بە ترامپەوە ناکات و ئەمریکا توانای ئەوەی نییە هێرش بکاتە سەر ئێران. لەم سەرەوبەندەدا ڕۆژنامەی خەبات لە هەڤپەیڤێنێتکدا لەگەڵ هەریەکە لە دکتۆر شاری نانەکەلی دکتۆرا لە یاسای نێو دەوڵەتی گشتی و دکتۆر محمد مستەفا زراری مامۆستای زانکۆ وە شارەزا لەبواری ئابووری و دارایی، بەرێزیان دوایین پێشهات و سیناریۆ ئەگەرەکانی قەیرانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەم شێوەی خوارەوە شلۆڤە کرد.

کاریگەرییە نێودەوڵەتیەکانی هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان ئەمەریکا و ئێران

دکتۆر شاری نانەکەلی دکتۆرا لە یاسای نێو دەوڵەتی گشتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی:بێگومان ئەوەی لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆی و نێودەوڵەتی دەبینرێ و دەبیسترێ بریتیە لە شیکردنەوەی ووتەکانی دەسەلاتداران و سیاسەتمەدارانی هەر یەک لە دەوڵەتی ئەمەریکاو ئێرانە.سەبارەت بە ئەگەری بەرپا بوونی شەڕێکی خۆناوی لەنێوانیاندا، لەبەر ئەوەی قسە و لێدوانەکانی هەردوو لایەنی شەر وا دەردەکەوێت کە ئەم شەرە مەحاڵە و هەر ڕووەدات لە داهاتوویەکی نزیک.

جێگای باسە بە گەرانەوە بۆ ڕابردووی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ئێرانی و ئەمەریکاو ئیسرائیل ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ژێراو ژێری شاردراوەی زۆر پتەو هەیە لەنێوانیاندا، هەر بۆیە من ئەگەری بەرپابوونی ئەم شەرە بەدوور دەزانم لەبەر چەندین هۆکاری ئابووری و سیاسی کەدەتوانینْ کورتیان بکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

گران بوونی نرخی پەترۆل

لەجیهان لەبەر ئەوەی شەڕی ئیستا شەڕی ئابووریە بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران ئەوا یەکەم موشەکی ئێرانی ئاراستەی پاڵاوگەو بیرە نەوتەکانی وڵاتانی هاوپەیمانانی ئەمرکا دەکرێت هەروەک سعودیەو ئیمارات و کوەیت و عێراق، لەم حاڵەتەشدا زەرەرمەندی گەورە ئەمەریکا دەبێت.

ئەگەر ئەم شەڕە ڕوویدا بەرنامەی سەفقەی سەدە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێت کە بە زیانی دەوڵەتی ئیسرائیل تەواو دەبێت لە ئیستادا، و ئەوەی ڕوودەدات دەگوزێت لەسەر ئەرزی واقع تەنها ڕێگا خۆشکردنە بۆ جێبەجێکردنی سەفقەی سەدەکە کە لەبەرژەوەندی دەولەتی ئیسرائیلە.

ئەمەریکاو ئیسرائیل هەرگیز لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەولەتێکی تریان دەستناکەوێت کە سیاسەتەکانی ئەم دوو ولاتە جێبەجێ بکات بە شێوەیەک کە هەستی پێنەکرێت و بە قازانجی ئەمەریکاو ئیسرائیل بێت.

دەسەلاتدانی ئێران لەمە باش تێدەگەن کە ناتوانن ڕووبەرووی ولاتێکی وەک ئەمەریکا ببنەوە کە خاوەن هێزێکی گەورەی تەکنەلۆجی زیرەک و پێشکەوتووە، و لەمە تێدەگەن زور بەباشی کە لایەنی زەرەرمەند زیان لێکەوتوو دەوڵەتی ئێرانی دەبێت لەم شەردا.

ئەوەی جێگای پرسیارە ئایا ئەمەریکا ئەگەر بە ئاشکرا پاشگەز ببێتەوە لە ڕێکەوتنامەیەک کە بەرەزامەندی خوی واژووی لەسەر کردووە و پاشگەزبوونەوەی پێچەوانەی هەموو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی کە ئەم دروست کردنی بارودۆخێکی ئەوتۆ لەلایەن ئەمەریکا، هەروەک ئەوەی دەگوزەرێت لە ئێستادا وەک هێنانی هێزی سەربازی ئەمریکی و کەشتی گەورەی شەرکەر بۆ کەنداو و هتد ئەمانە وادەکات کە بە ولاتانی کەنداو بڵێت ئەگەر من نەبم ئێران لەناوتان دەبات بۆیە دەبێت تێچووی مانەوەی هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا بەگشتی و لەسەر دەوڵەتی عێراقی بەتایبەتی ئەمەش لەبەر بوونی چەندین گروپی چەکداری شیعە مەزهەب لەعێراق کە سەر بەکۆماری ئیسلامی ئێرانن وە ئەگەر ئەمەریکا بەو شێوەی ئێستا گرژی بە خۆیەوە نەبینیوە ئەمەش بەتایبەت لەوکاتەوە ڕوویدا کە لە 8 مارس ی 2018 وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کشانەوەی خۆی لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا ڕاگەیاند، کە زۆر لە شرۆڤەکارانی سیاسی وای بۆ دەچن ئەو گرژییە بە جەنگێک کۆتایی بێت لەنێوانیان لە دوای بڕیاری ئەمریکا بۆ دابەزاندنی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ڕێژەیی سفر کە ئەمەش بێگومان کاریگەری زۆر بەهێزی دەبێت لەسەر دارمانی ئابوری ئێران چونکە ئێران بەڕێژەی 80% پشت بە کەرتی نەوت دەبەستێت لە داببنکردنی بودجەی گشتی وڵات و لە دابینکردنی دراوی بیانی کە ئەمەش وا لەو وڵاتە دەکات کە دەستە وەستان نەوەستێت بەرامبەر ئەو بڕیارەی دۆنالد ترامپی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. و دوا بە دوای ئەوەی کەوا ئێران رایگەیاند کەدەست بەرداری هەندێک لەو برگانە دەبێتەوە کە ڕێکەوتنیان لەسەر کرابوو لەگەل ڕۆژئاوا و هەرەشەی داخستنی گەروی هورمزی کرد کە کەشتیە بارهەڵگرەکانی نەوتی کەنداو پێدا تێدەپەردەبن، لەبەرامبەردا ئەمریکا کەشتی جەنگی هەڵگری فرۆکەی نارد بۆ ناوچەکە، ئایە ئەمە ئاماژەیە بۆ شەڕێک کە چاوەڕوان دەکرێت.

کاریگەری هەڵگیرسانی جەنگ لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

هەروەها د.محەمەد زراری دەڵێت: لێرەدا سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا داخستنی گەروی هورمز چ کاریکەریەکی لەسەر ئابوری عێراق و وە هەروەها لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. بریاردان لەسەر کارێکی لەو جۆرە لەکاتی جێبەجێکردنی هەموو جیهان هەستی پێدەکات، لەبەر ئەوەی لەرێگەی ئەم ڕێرەوە ئاویە ڕۆژانە 18,500,000 بەرمیل نەوت کە دەکاتە 30% نەوتی خاوی جیهانی دەنێردرێتە بازارەکانی جیهان، ئەم ڕێرەویە ئاویە کە بانیەکەی تەنها 40کم دەبێت وە تەنها لە هەندێک شوێنی دیاری کراو بارهەڵگرە نەوتیە گەورەکان دەتوانن پێیدا تێپەر بێن کە لەم شوێنانە دەتوانرێت مینی دەریایی تێدا بچێنرێت لە کاتی تێپەربوونیان پێاندا بتەقێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پەکخستنی هاتووچۆی بارهەڵگرە نەوتیە گەورەکان، وەئەگەر هاتوو ئێران پەنای بۆ ئەوکارە برد ئەوا ڕودانی شەڕ ئەگەرێکی لە 100%، هەرچەندە ئەو کارە جێگای گومانە کە ئێران کارێکی لەو جۆرە بکات چونکە نەک ئەمریکا بەڵکو هەموو وڵاتانی کەنداو لە کاتی ڕوودانی کارێکی لەو جۆرە دێنە سەر هێل و هەوڵ بۆ کردنەوەو سەڵامەتی ئەو ڕێرەوە دەدەن. لەکاتی ڕوودانی ئەو کارە بێگومان کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر ئابوری جیهان ئەویش گرانبوونی نرخی نەوتی خاوە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کە دوورنییە نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە 150 دۆلاری ئەمریکی کە هەموو پێبینەکانی ئابووری بۆ ئەمە دەچن، کە بێگومان ئەمەش کاریگەریەکی یەکجار گەورەی دەبێت لەسەر کەرتی پیشەسازی و بازرگانی لە جیهان بە تایبەت وڵاتە پیشەسازیەکان کە دەبێتە هۆی گۆرانی نرخی کالاو خزمەتگوزاریەکان و پێداویستیە سەرەکیەکانی زیان بە تایبەت لە کەرتی وزە. و بەتێگەیشتنی من لەکاتی ڕوودانی گرژی و ئالۆزی لە کەنداوی عەرەبی یان تەگەرە خستە بەردەم بارهەڵگرە نەوتیەکان هەر یەک لە عێراق و کویت بحرین قگر زەرەرمەندی گەورە دەبن لە هەر ئەگەرێک وە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان دەبردرێت چونکە ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستن. بەتایبەت عێراق کە لە ئێستادا لەباریکی باشی دارایی دا نییە بە هۆی چەندین قەیرانی جیاجیا کە ڕووی تێکردوە و پێویستیەکی زۆری بە داهاتی زیاتر هەیە بۆ ئاوەدنکردنەوەو سەر لەنوێ بنیات نانەوەی وڵات کە بەدرێژایی نزیکەی 30 ساڵە بەدەست قەیرانی ئابوری و جەنگە یەک لەدوای یەکەکان دەنالێنیت. سەبارەت بە هەرێمی کوردوستان ڕەنکە کاریگەریەکە پێچەوانەبێت ئەویش لەبەر دوو هۆکار. یەکەمیان: هەرێمی کوردستان لەرێگەی تورکیا نەوتی خۆی هەناردە دەکات بۆ بازارەکانی جیهان. دووەمیان: بەرزبونەوەی نرخی نەوتە لە کاتی ڕوودانی گرژی و ئالۆزی لە کەنداوی عەرەبی و داخستنی گەروی هورمز لەلایەن ئێران. لێرەدا گرنکی ئابووری سەربەخۆ بەدیارەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە هەوڵی بۆ داوەو تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی جێبەجیی بکات.



د.شاری نانەکەلی: پەیوەندیەکی ژێراوژێری شاردراوەی زۆر پتەو هەیە لەنێوانیاندا، ئەگەری بەرپابوونی ئەم شەڕە بەدوور دەزانم



د.محەمەد مستەفا: زۆر لە شرۆڤەکارانی سیاسی وای بۆ دەچن ئەو گرژییە بە جەنگێک کۆتایی بێت

بەردەوام نیە، ئێرانیش دەیەوێت بە ئەمریکا بڵێت من ڕازی نابم بەمەی کە هەبوو پێشتر لەنێوانماندا لەبەر ئەوەی ئێستا خاوەنی چەکی ئەتومیم و هەروەها ئەمەریکاش نمایشی هێزی سەربازی خوی نیشان دەدات بە ئێران ولاتانی تر، بەمەبەستی توقاندن و ترساندنی ئێران بۆئەوەی ڕازیبێت و ملکەچ بکات بۆ داخوازیە نوێکانی ئەمەریکا ئەم جۆرە نیشان دەدات.

پێویستە عێراقیەکان خۆیان بەدوور بگرن لەم بەریەکەوتنەی نێوان ئەمەریکا و ئێران هەروەها دکتۆر شاری دەڵێت:

بۆیە پێموایە ئەگەری هەڵگیرسانی ئەم شەر زۆر ئەم هێزە بۆئەمەریکا قەرەبوو بکەنەوە و هەروەها قەرەبووی ئەم بەشە پەترۆلە بکەن کە ئێران دەینارد وە بە نرخێکی کەم.

لەلایەکی تر سەرەڕای بوونی پەیوەندی شاراوە لەنێوان ئێران و ئەمەریکا بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیاسەت هاوڕێتی دوورە و هێنانی ئەم هێزە گەورەیەو ئەم هەرەشانەی هەردوو لا لەپەکتری دەکەن لە پێناو دەستەبەر کردنی چەندین ئامانجی تر کە هێشتا زووە بۆ ئاشکرا بوون و زانینیان، و ئەگەر ئەم شەرە ڕوویدا بێگومان کاریگەری ڕاستەخۆی و ناراستەخۆی دەبێت لەسەر وڵاتانی ئەمەریکاو ئێران و وای بۆ دەچم کە گەورە مەرجەعی کوردیش لە کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی هەمان ئەو هەڵویستەی هەبێت سەبارەت بە خۆ بەدوورگرتنی گەلی کورد لەم شەڕەی کە ئەگەر ڕووبدات لەنێوان ئەمەریکاو ئێران.

ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٣٤٨٤٣٠ بەرواری ٢٠١٩/٢/١٠ بەبڕی ٨٠٧,٢٥٠ هەشت سەدو حەوت هەزارو دوو سەدو پەنجا دینار بەناوی یونس مقصود خضر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٤١٤٠ بەرواری ٢٠١٨/٩/١٧ بەبڕی ٨٥١,٠٠٠ هەشت سەدو پەنجا و یەك هەزار دینار بەناوی رسول حمد رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
مۆڵەتی تعدیل چی ئۆتۆمبێل ژمارەی مولەت ٣٨٥٦ لە ٢٠٠٧/٤/٨ بەناوی شاخەوان صابر رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی عەنکاوە ژمارەی پسوولە ٠٦٦٣٥٦٥ بەرواری ٢٠١٦/٨/٣ بەبڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار بەناوی ریمون گورگیس منصور وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای بهیر جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە تانکر حوضیە/ تستخدم لنقل الغاز السائل رەنگی: سپی + نفتی ژمارەی شاصی: NP9RD1211JA072022 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەناوی جیهاد نجم اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای بهیر جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە تانکر حوضیە/ تستخدم لنقل الغاز السائل رەنگی: سپی + نفتی ژمارەی شاصی: NP9RD1211JA072022 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەناوی جیهاد نجم اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ئاگاداری
گۆڤاری زووم کە خاوەن ئیمتیازەکەی (کاروان عبدالرزاق پیرۆ) و سەرنووسەرەکەی (کارزان عبدالرزاق پیرۆ) بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرە و بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە شێوەیەکی مانگانە دەردەچێت.
هەر کەسێك تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکات.
٠٧٥٠٤٦٧٩١٧٥
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقودين :١- عزيز حسين عزيز ٢- عقيد عزيز حسين ٣- نوزت عزيز حسين ٤- سالار عزيز حسين ٥- هجو مكري صالح
قدمت السيده / امينه احمد عزيز طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/١٥ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقودين :١- حيدر سعيد خضر ٢- جليله حيدر سعيد ٣- خوله حيدر سعيد ٤- اخلاص حيدر سعيد قدمت السيده / نعام خلف رشو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز
***
مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
العدد: ١٠
اعلان
قدم المواطن (عصام محمد عصام) دعوى فى هذه المديريه لتبديل اسمه من (عصام) الى (ياد) فى قيده لعام (١٩٥٧) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى
مدير العام/ وكالة
***
الى/ السادة المساهمين فى شركة (Kuraz Insurance) للتامين العالم/ مساهمة خاصة ندعوكم الى اجتماع الهيئة العامة للشركتنا بتاريخ ٢٠١٩/٦/٩ المصادف ليوم الاحد فى تمام الساعة العاشرة صباحا فى مقر ها الكائن فى اربيل/ بزنس سنتر و ذلك لمناقشة جدول الاعمال المتضمن.
١- الموافقة على تقرير لجنة المؤسسين و مصاريف تاسيس الشركة.
٢- انتخاب اعضاء مجلس الادراة.
٣- الموافقة على الخطة السنوية المقترحة.
رئيس لجنة المؤسسين
سفين صلاح الدين مجيد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٩/١٠٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٩
ئاگاداری
بۆ قەرزار (١- ڕێبین عبدالرحمن سعید ٢- عبدالرحمن سعید قادر) شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفیذی) لەسەر سامانی گوازراوە (کەلوپەلەکان و کۆمپانیای ڕێبین عبدالرحمن سعید) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (١٤٨,٤٧٠,١٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (تاهیر سالح حەمە ئەمین) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی (سەرجەم کەلوپەلەکان سەر مولکی ژمارە ٧٥/٢٢٢ ك ٤٤ وارش وە (٤٠٠م٢) بەنزینخانەی شەمامك وە کۆمپانیای ڕێبین عبدالرحمن ئامادە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
***
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر (شانۆ دڵشاد حمە ڕەش) کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای وایت ئۆکس- Ox white بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/١٢) بڕیار دراوە بە داننام وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
پارێزەر/ شانۆ دڵشاد حمە ڕەش
٠٧٧٠٢٢٩٢٩٧٢
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٩٥٠/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/١٥
ئاگانامە
داواکار: کۆمپانیای صدف طلایی/ سەرەڕای کارەکەی
داوالەسەرکراوان: ١- شفان علی حسین ٢- کۆسار طە خلیل
بۆ داوالەسەرکراوان: ١- شفان علی حسین ٢- کۆسار طە خلیل داواکار بەناوی (کۆمپانیای صدف طلایی/ سەرەڕای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردووە بەژمارە (١٩٥٠/ب/٢٠١٨) تایبەت بە (١- دانەوەی نرخی ئەو کەلوپەلانەی وەرتانگرتووە ٢- قەرەبووی دواکەوتنی ئەو بڕە پارەیەی کە دەبوو بیدەن ٣- هەروەها قەرەبووی ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بڕیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی و فەرمی بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٤ سەعات ١٠:١٥ یان نارەنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/١٠١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢١
ئاگاداری
ئەم بەڕێوبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/١٠١١) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەلوپەلەکان/ کەپێك هاتووە لە خەناوکە بەردی ئایونی قەزار (کاردو خالید کریم) کە بەبڕی ١,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (شذی علی عبود) کە بڕەکەی (٨٠٠٠٠٠) هەزار دینار جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل خۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٢٠١٨/٣٥٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤
ئاگاداری
بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی بەشی قەرزار (محمود علی محمد صالح) لە مولکی ژمارە ٩٨/١٤٢ ١م مەڵکەندی دباشان کە لە کۆی ٨٨ بەش (١٤) بەشی بەناوەوە تۆمارە ئەویش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز (میدیا علی محمد سعید) بەبڕی قەرزی ٣١,٦٢٠,٠٠٠ سی و یەك ملیۆن و شەش سەدو بیست هەزار دینار بەڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوبەرایەتیە جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوبەرایەتیە بکات لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا کە دەست پێ دەکات لەڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا و کات ژمێر ٩ی سەر لەبەیانی لەڕۆژی مزایدەکە لە بەڕێوبەرایەتیان ئامادەبێت بەمەبەستی دانانی ڕێژەی ١٠٪ی تأمینات وە ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کڕیارەو وە زیادکردنەکە کات ژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ لەبەڕێوبەرایەتیەکەمان ئەنجام ئەدرێت.
* زانیاری لەسەر مولکەکە:-
- خاوەن قەرز: میدیا علی محمد سعید
- قەرزار: (محمود علی محمد صالح)
- جۆری ڕاکیراو: مولکی پوخت
- ژمارەی مولکەکە: ٩٨/١٤٢ کەرتی ١ مەڵکەندی دباشان
- سنور و ئاوەدانیەکە: وەك لە نەخشەکەدا تۆمارە
- شوێنی خانووبەرە: گەرەکی ابراهیم پاشا نزیك کۆمپانیای بەیزا
- جۆری: خانوو
شێوازی: باشە
نیشتەجێکانی: مالی براو خوشکی قەرزار
پاشکۆی زانیارییەکان لەسەر مولکەکە:
پێکهاتەکانی: هەیوانێك و ژوورێکی دانیشتن و مطبخ و ژووری نوستن لە حەوشەکەدا ژوورێك و مشتملاتێك هەیە واتە دوو خانووە لەسەر هەمان زەوی
* ڕوپێوەکەی: ڕووبەری زەوی یەکە بەگشتی ٤٢٥م٢
ڕووبەری بیناکە: ٢٢٥م٢
نرخی خەملێنراوی ١ م زەوی: ٩٦٠٠٠٠
نۆسەدو شەست هەزار دینار
نرخی خەملێندراوی ١ م بینا: ١٦٠٠٠٠ سەدو شەست هەزار دینار
کۆی گشتی نرخی مولك: ٤٤٤,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو چل و چوار ملیۆن دیناری عیراقی
بەشی قەرزار لەو مولکەدا: ٧٠,٦٣٦,٣٦٣ حەفتا ملیون و شەش سەدو سی و شەش هەزارو سێ سەدو سێ دینار.
جێبەجێکاری داد/ شۆخان جلیل محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ١١٣/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد حسین نعیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەنکەی پۆلیسی (ك. نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٦٦٧/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/١٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد مجید فرح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. ازمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٠٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢١
جاردان
بۆ/داوالێکراو(عامر خلف علی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٥٠٣/ش/٢٠١٩) دادگا بڕیاریدا لەسەر (عامر خلف علی) لەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٩/٥/١٢) لەنێوان داواکار (اشراق عبدالسلام محمود) وە داوالێکراو (عامر خلف علی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی (شادی) بڕیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ڕۆژانە وە تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارەدانە ، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی یەکجار وەردەگرێت.
دادوەر/صباح قادر کاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٥٢٨/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سمیر علی حمدامین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (کەزال سلام عزیز) داوای ژمارە (١٥٢٨/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق بسبب الضرر) دەکات تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شادی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت یاخود نوێنەرێکی یاسای لەجیاتی خۆت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/١٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٢٤
ڕێکەوت: ٢١ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٩) بۆ جاری دووەم
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (گواستنەوەی برنج لە کۆمپانیای بازرگانی دانەوێلەی هەولێر بۆ ناو شارو دەوروبەر و ناوچە دوورەکان) کە (کۆمپانیای بازرگانی دانەوێلە/ لقی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە گواستنەوە وە مۆڵەتی نوێکراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٢٢
ڕێکەوت: ١٩ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٧)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (گواستنەوەی برنج لە کۆمپانیای بازرگانی دانەوێلەی هەولێر بۆ ناو شارو دەوروبەر و ناوچە دوورەکان) کە (کۆمپانیای بازرگانی دانەوێلە/ لقی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە گواستنەوە وە مۆڵەتی نوێکراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٢٣
ڕێکەوت: ١٩ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٨)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (بەکرێ گرتنی ٥٠ پەنجا تانکەری ئاو بۆ بەڕێوبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٩) کە (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە گواستنەوە وە مۆڵەتی نوێکراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٣٦٩ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (یوسف محمد علی حسن) جهێ ئاکنجیی نەدیارە ڤێ دادگەهی ددەوایا ژمارە ٣٦٩/ب/٢٠١٩ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ بریاردایە (دانا تە بە داواکار نوری سلیم خالد) کوژمێ (٤٤٠٠٠) چل وچار هزار دولار بەرامبەر کوژمێ (٥٢٨٠٠٠٠٠) پینجی ودوو ملیون وهەشت سەد هزار دینار وتو تەحملا مەزاختنین داوایێ وماندیبونا پارێزەرێ بریکارێ داواکاری پارێزەر محمد احمد ئامیدی کوژمێ (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیون دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ریڤەبەریا ڕاگەهاندنا داودەری دهوك ژمارە (١٢٧١) ل ٢٠١٩/٥/٩ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخێ سێ گرکا ڕێکەفتی ٢٠١٩/٥/٨ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ببریارا ڤێ دادگەهێ برێکا دوو ڕۆژانمێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلجونێ وپێداچونێ هەیە دماوێ یاسایی دا وبەروڤاژی دێ بریار پلا ڤەبر وەرگریت لدیف یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
***
بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٩٨٥ / ٢٠١٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (اڤان شکری احمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٧٦٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (OTANA PETROL LIUM) بۆ بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی عرب حسین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٧٧١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢١
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (زیر/ للزیت الصناعیة و التجاریة/ المساهمة) (توركیا) وە پاڵپشت بە ماددەی ١٥ لەسیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگای بەرایی سلێمانی / ٢

ژمارە: ٣٠٦/ ب / ٢٠١٩
بەروار: ١٤ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار: عادل علی حسین
داوالێکراو: ظاهر حمه احمد
بۆ داوالەسەرکراو: ظاهر حمه احمد

داواکار بەناوی (عادل علی حسین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٣٠٦/ ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (تەملیك کردنی مولکی ژمارە ١٢/٦٠ کەرتی ٣٥ کانی سپیکە کە بە بری (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەد و چل و چوار ملیۆن دینار فرۆشتوتە پێی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەی دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٣/ ٦ / ٢٠١٩) سەعات (١٥:١٠) یان نارەنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە ئەبینرێت .

دادەر / کەال رضا احمد

* * *

دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی / ٣

ژمارە: ٥٠ / ش / ٢٠١٩
بەروار: ١٦ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار: طه یاسین خضیر
داوالێکراو: رحمه محسن سعدون

داواکار (طـه یاسـین خضیـر) داوایەکـی بـە ژمـارە (٥٠ / ش / ٢٠١٩) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت، وەلـەم داوایـەدا هاتـووە کـە (پەسـەندکردنی طەلاقـی دەرەکـی) وە لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبونت دادگا بڕیـاری دا ئاگادارتـان بکاتـەوە بەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخـۆی رۆژانـەوە بـۆ ئامادەبوونتـان لەبـەردەم دادگایـە لـە رۆژی دادبینـی دە دەکەوێتـە بـەروای (١٦/٧/ ٢٠١٩) سـەعات (٩:١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە پێچەوانـەوە ئامادەنەبـن خۆتـان یـان بریـکاری نەنێـرن ئـەوا داواکـە ئەبینـێ بەپێـی یاسـا ..

دادەور / قادر بارام فتاح

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٣٠ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو: دلڤین امین رشید

ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا ل کێشـا ژمـارە (٢٣٠ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٥/٥/١٤) ژێـك ڤەبوونـا دادی (تفریـق قضائـی) دناڤـەرا تـە و داواکار (غیـداء یونـس احمـد) و ژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە ول دیـف دەڤـێ یاسـایی کـو پێتڤیـە ئاگەهداریـا تـە دەمـێ دەرکەتنـا بریـاری زی ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێکـا دوو روژنامەیێـت روژانـە و تـە مافـێ نـە رازیبونـێ وێڤداچوونـی یـێ هەیـی دمـاوەی یاسـاییدا و بەروڤاژیـا ڤـێ چەنـدێ بریـار پـلا بنەبـر وەرگـرت.

دادەور / یوسف الیاس سدن

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٤٢ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٦ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : لقمان عبدالله اقدل .

ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا ل کێشـا ژمـارە (٢٤٢ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٥/٥/١٢)

١- پێگیریـا تـە بـو دانـا خەرجـی بـوری کوژمـە (٦٥٨٠٠٠) شـەش سـەدو پێنجـی هەشـت هـزار دینـار بـو داواکاری (ایـهان احمـد ابراهیـم) ژ روژا (٢٠١٨/١١/٥) تـا روژا (٢٠١٩/٤/١٣)

٢- بیگیریـا تـە بـو دانـا خەرجـی هەیڤانـە بـو داواکاری (ایـهان احمـد ابراهیـم) کوژمـە (١٥٠٠٠٠) سـەدو پێنجـی هـزار دینـار هەیڤانـە ژ روژا (٢٠١٨/٤/١٤) و بـەردەوام .

٣- پێگیریـا تـە بـو دانـا خەرجێ بـوری بـو کچـا تـە یـا نـاکام (لارا) کوژمـە (٥٢٦٥٠٠) پێنـج سـەد و بیسـت وشـەش هـزار و پێنـج سـەد دینـار ژ روژا (٢٠١٨/١١/٥) تـا روژا (٢٠١٩/٤/١٣)

٤- پێگیریـا تـە بـو دانـا خەرجـی هەیڤانـە بـو داواکاری (ایـهان احمـد ابراهیـم) کوژمـە (١٢٥٠٠٠) سـەد و بیسـت و پێنـج هـزار دینـار ژ روژا (٢٠١٩/٤/١٤) وەکـو خەرجـی هەیڤانـە بـو کچـا تـە یـا نـاکام (لارا) و بـەردەوام . و ژبـەر نەدیـار بونـا جهـێ ئاکنجیبونـا تـە ول دیـف دەڤـێ یاسـایی ئاگەهداریـا تـە دەمـێ دەرکەتنـا بریـاری زی ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێـکا دوو روژنامەیێـت روژانـە و تـە مافـێ نـە رازیبونـێ وێڤداچوونـی یـێ هەیـی دمـاوەی یاسـاییدا و بەروڤاژیـا ڤـێ چەنـدێ بریـار پـلا بنەبـر وەرگـرت.

دادەور /یوسف الیاس سدن

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە: ٢٣/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
ئاگاداری

لێژنـەی سـەرەوە بـۆ جـاری دووەم هەڵدەسـتێ بـە بەکرێدانـی (٥١) دوکانـی دروسـتکراو مولکـی شـارەونی بـەم شـێوەی کـە لەخـوارەوە دیاریکـراوە ئـەو کەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا بـا سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی شـارەوانی دیبەگـە بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٦/٢٤ کاتژمێـر ١١,٣٠یانـزەو نیـوی بەیانـی لـەرۆژی دیاریکـراو کرێگرتـەش دەبـێ

سەرکێشیەکانی ترامپ



شۆڕش خالید ئازگەیی

بەشی دووەم وکۆتایی

یەکێک لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی هەر سەرۆکێک و سەرکردەیەکی سیاسی، توانستی بەرهەمهێنانی ئەو بڕوا و متمانەیەیە کە کەسایەتی سەرۆک لە میانەی ماوەی حوکمڕانیدا بتوانێ دەستی بخات و بنکە جەماوەریەکەی بهێنێتە سەر شارێگای بڕواهێنان بە بەڵێن و لێدوان و سیاسەت و ئاخافتنەکانیەوە. ڕەگەزە شاراوە پۆپۆلیستیە دەمارگیریەکانی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا، دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ماوەی حوکمڕانیدا هەنوکە بۆ هیچ کەسێک داپۆشراو و شاراوە و تەماوی نین. لە دونیای سیاسەت بە گشتی و ڕۆژئاوا بە تایبەتی هەمیشە ڕادەی مسداقیەتی سەرۆک بەردی بناغەی درێژەپێدانی حوکمڕانی و مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسی و بنکەی جەماوەری بەرفراوان و یەکپارچە و وەفادار بووە.

سەرکەوتنی ترامپ

سەرکەوتنی دۆنالد ترامپ لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بە هاوکاری ڕوسەکان بووبێت یا نا، زەنگێکی هۆشداری بوو بۆ سیستەمی جێگیری سیاسی چەندین دەیەی ڕابردووی ئەم وڵاتە و پەیامێکی ئاگادارکردنەوەی ئەو دەستەبژێرە سیاسیە بوو، ماوەی زیاتر لە سێ سەد ساڵە جڵەوی دەسەڵاتیان لەم وڵاتەدا لەدەست دابووە.

هەرچەندە ترامپ لە ڕووکەشدا نوێنەرایەتی کۆماریەکان دەکات، لێ لە ناخی خۆیدا هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی ڕاستڕۆی شەڕەنگێز و پەرتکەر و تووندڕۆ و گوتاریکی حەماسی و پەلامارەدەرە. ئەو گوتارەی ترامپ هەڵگریتی، ڕێک ئەو گوتارەیە ڕاستڕۆکانی ئەمریکا و بزوتنەوە کۆنسێرڤاتیڤە مەسیحیەکان (پارێزگارە نەریتگەرا ئایینیەکان) هەڵگرینی. بە واتایەکی تر ترامپ نوێنەرایەتی ڕەوتە ڕاستڕۆ نەریتگەراکانی ئەمریکا و تەنانەت ئەوروپاش دەکات و بە سەرۆک و سەرقافڵەی ئەم بزاڤانە دەژمێردرێت.

لێدوانەکانی ترامپ لە دوو ساڵی ڕابردوودا چ لە ئاستی ناوەخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاڵی بوونە لە تایبەتمەندی دیپلۆماسی و ژیری و حیکمەتی سیاسی و بە هیچ شێوەیەک هەڵگری سیحری نزیک کردنەوەی لایەنە پێک ناکۆکەکانیان نەبووە، بەڵکو (تویتی دیپلۆماسی) شوێن دیپلۆماسی سەر ئەرزی واقعیان گرتۆتەوە. ترامپ لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی تویتەڕەوە سیاسەتی کردووە و تەنیا بە دوو یا سێ دێڕ هەڵوێستی خۆی بەرامبەر زۆربەی ڕووداوە سیاسیەکان خستۆتە ڕوو. ترامپ نەک هەر لە ناوەخۆ بەڕەیەکی ڕانەگەیندراوی دژە میدیای دەسەڵاتی چوارەمی گەلاڵە کرد و زیاتر پشتی بە تویتە کورتەکانیەوە بەست، بەڵکو لە دەرەوەش هەم لەگەڵ نەیارەکانی ئەمریکا کەوتە ململانێ و لێدوانی ئاگرین و هەمیش هەوڵی داوە هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی پەرت کات و درز بخاتە نێو ریزەکانی یەکێتی ئەورووپاوە. پشتگیری ناوبراو لە دەرچوونی بە پەلەی بەریتانیا لە دامەزراوەی یەکێتی ئەوروپا، نمونەیەکی هەرە زیندووی هەڵوێستی ترامپە بەرامبەر بە یەکێتی ئەورووپا و ئارەزووی هەڵوەشانەوەی ئەم دامەزراوە دیموکراسیە. ترامپ پێی وایە ئەو توانیویەتی بە گرتنە بەری ئەو سیاسەتەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ئاستی جیهانی گرتوویەتەبەر، شکۆ و گەورەیی بۆ ئەمریکا و ناو و ناوبانگی لەدەست چووی (بە بڕوای ئەو) بگێڕێتەوە و سەردەمی پۆست ئۆباما دەستەبژێری ڕوناکبیرە سیاسیە ئەکادیمیستەکانی ئەمریکا تێپەڕێنێ.

پەرچەکردارەکانی ترامپ

ترامپ لە لایەک گوشار بۆ کۆریای باکور دەهێنێ دەستبەردار پڕۆگرامە ئەتۆمیەکەی بێت، لەولاوە کەوتۆتە شەڕێکی ڕانەگەیناوی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی چین، لەم لاشەوە هانی بەریتانیا دەدات پڕۆسەی چوونە دەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا خێراتر بکات. ترامپ بەوەش نەوەستاوە گوشارێکی یەجگار زۆری بۆ ئەندامانی پەیمانی ناتۆ هێناوە لە ڕووی دارایییەوە زیاتر هاوکاری دامەزراوەکە بکەن و ئەمریکا چیتر ئامادەی تێدا نیە بەشی هەرە زۆری خەرجیە سەربازیەکان بگرێتە ئەستۆ. هەروەک چەندین جاریش هەڕەشەی لە یەکێتی ئەورووپا کرد بەوەی باجی زیاتر دەخاتە سەر کەلوپەلەکانی هەناردەکراویان بۆ ئەمریکا. سەرۆکی ئەمریکا تاکلایەنە لە ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس و ڕێککەوتنی بازرگانی ئاسیای ڕۆژهەلات کشایەوە و ڕاشیگەیاندووە بە نیازە لە چەندین پەیماننامە و ڕێککەوتنی تریش بکشێتەوە ئەگەر بێتوو بەرژەوەندیە ستراتیژی و ژیاریەکانی وڵاتەکەی تیایاندا ڕەچاو نەکرێت. ترامپ نیازی خۆی لە دەست خستنە نێو کاروباری وڵاتی قەیرانلێدراوی ڤەنزوێلاش نەشاردۆتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ماوەی سەرۆکایەتی مۆدۆرۆی سەرۆکی وڵات و هێنانە سەرکاری ئۆپۆزیسیۆن. لە دوا هەوڵێشیدا سەرقاڵی لەشکەرکێشیە بۆ سەر ئێران و گوشار خستنە سەر ئەو وڵاتە و ناچارکردنی بە مل دان بۆ داواکاریەکانی و پاراستنی بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی ئیسرائیل. ناوبراو نەیشاردۆتەوە تەنانەت ئامادەیی ئەوەیشی تێدایە ڕووبکاتە ئەنجامدانی مانۆرە سیاسیە حیساب بۆ نەکراوە سیاسی و دیپلۆماسی و ئۆپەراسیۆنە کتوپڕە سەربازیەکان و بە پێی قەوارەی بەرژەوەندیە ژیاریەکانی ئەمریکا هەنگاوی لەناکاو هەڵێنێ و گۆمە مەنگەکان بشڵەقێنێ و دۆخەکان ئاڵۆز بکات. هەموو ئەم هەڵسوکەوتانەی سەرۆکی ئەمریکا بەڵگەن لەسەر ئامادەیی خۆیکی شەرانگێزی و تووندڕۆیی لە ناخیدا و گوێ نەدان بە بارودۆخی نێودەوڵەتی و ڕێزنان لە سەروەری وڵاتان و ڕێزو تێگەیشتنی دوولایەنە و پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان.


دیپلۆماسی تویتەر

لەوەتەی دۆنالد ترامپ بۆتە سەرۆکی ئەمریکا، هەڵسوکەوت و تووید و لێدوانەکانی بوونەتە جێی سەرنج و تێڕامان و تێشک خستنە سەریان لە لایەن ناوەندە سیاسی و دیپلۆماسیەکانەوە. جێی سەرسوڕمانە ڕێژەی خۆشەویستی ترامپ لە نێو بنکە جەماوەریەکەیدا لە دوو ساڵی ڕابردوودا هیچ گۆڕانکاری ڕادیکاڵی بەسەردا نەهاتووە و کەمی نەکردووە و لە پاشەکشێی نەداوە. سەرەڕای ئەو هەموو کێشەیەی بۆ خودی خۆی و ئیدارەکەی و دەست لەکار کێشانەوەی بە لێشاوی کاربەدەستان و ستافی ئیدارەکەی ڕووبەڕووی بۆتەوە. پەیامنێری کەناڵی یەکی دانیمارکی لە ئەمریکا بەر لە چەند مانگێک دوای ڕەزامەندی وەرگرتن و ڕێگەپێدانی لە لایەن گرووپێکی تووندڕۆی هەواداری ترامپ لە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا، سەردانی کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی جەنگ و مێتۆدەکانی شەڕی دەستەویەخە و چۆنیەتی بەکار هێنانی چەکی سووکی گرووپەکەی کرد. سەرۆکی گرووپەکە کە خۆی بە دەنگدەر و لایەنگری سەرسەختی دۆنالد ترامپ دایە قەڵەم، زۆر ڕاشکاوانە دەنگۆی دادگایی کردن یا لادانی ترامپی بە تووندی ڕەت کردەوە و ئامادەیی گرووپەکەی بۆ هەڵایسانی شەڕ و بەرگریکردن لە ترامپ ئاشکرا کرد.

ڕاپۆرتی مولەریش، پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری تێوەگلانی ڕووسەکان لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی دوو ساڵ لەمەوبەر و هاوکاریکردنی ترامپ لە سەرکەوتنی بەسەر هێلاری کلینتۆندا، لەولا بوەستێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمریکیەوە لە دووسەد ڕۆژی ڕابردووی ماوەی سەرۆکایەتی ترامپ تا کو ئێستا، ترامپ ڕۆژانە بیست و دوو جار لێدوانی ناراستی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن داوە و بەهیچ شێوەیەک پەرێزی ڕاستگۆیی خۆی (گەر هەیبێ) نەپاراستووە. ئەوەی زیاتر بەلای ترامپەوە گرینگ و شوێنی بایەخ پێدان بووە، بردنەسەری ئەو بەڵێنانەیە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە دەنگدەرانی داوە.

لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربخستووە ڕۆژبەی لێدوانەکانی ترامپ تەعبیرن لە هەست و نەستی ناوبراو نەک مامەڵەکردن لەگەڵ فاکت و ڕاستیەکان. ترامپ پێی وایە ئەوەی ئەو دەیانڵێت گشتی ڕاستین و ئەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنن ڕاستیەکانی لێ (چەواشە) دەکەن و لەگەڵ گەلی ئەمریکی ڕاستگۆ نین. سەیریش لەوەدایە دەنگدەرە وەفادارەکانی ترامپ بە گشتی و ئەو هەوادارانەی بە تایبەتی سەرسامن پێی، بڕوا بە قسەکانی دەکەن، وێڕای ئەوەی دەزانن ترامپ ڕاستی نالێت. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە تۆێژینەوەیەکی مانگێک لەمەوبەر نووسیبووی 56% لە دەنگدەرانی ترامپ بێ تێفکرین و بەدواداچوونی وردەوە، بڕوا بە درۆکانی دەکەن. هەروەک ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئاموونەی هێناوەتەوە، ناوبراو ساڵی ڕابردوو زیاتر لە سەد جار و لە چەندین شوێن وتوویەتی، دەست کراوە بە دروستکردنی دیوارە کۆنکرێتیەکەی سەر سنووری ئەمریکا و مەکسیک، کەچی هێشتا دروستکردنی دیوارەکە بەردی بناغەشی بۆ دانەنرابوو. ڕەخنەگران لەسەر یەک شت هاوڕان: دۆنالد ترامپ نوێنەرایەتی کۆنسێرڤاتیڤە ئایینداڕە تووندڕۆکانی ئەمریکا دەکات و خاوەنی خوێکی تووندە و ئامادەیی هەستی دەمارگیری و مەیل و خواستێکی قوڵ و ئاگرین و لغاوپچراوی ناسیۆنالیزمی نەژادی ئاراستەی هەڵسوکەوتەکانی دەکات و زیاتر مەیلی بەلای وروژاندن و ختوکەدان و ئاڵۆزکاریە تا چارەسەر و پاراستنی هێمنی و گرتنەبەری ڕێکارە دیپلۆماسیەکان و سوود وەرگرتن لە ژیری سیاسی و عەقڵانیەتی دیپلۆماسی.

کاریکارتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1927:

بومەلەرزەیەک لە هەرێمی تشینینی چین ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 200 هەزار کەس .



ساڵی 1945:

هاری ترومانی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا سیاسەتی تایبەت بە دژایەتیکردنی شیوعیەتی ڕاگەیاند.



ساڵی 1972:

ئەمەریکا و سۆڤیەت ڕێککەوتنی سۆلت 1ی تایبەت بە چەکی ستراتیژیان مۆر کرد .



ساڵی 1992:

سلۆڤینیا و کرواتیا و بۆسنە و هەرسک بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.



ساڵی 2014:

لە تایلاند کودەتایەکی سەربازی ڕوویدا .



ساڵی 2017:

لە هۆڵێکی شاری مانچستەری بەریتانیا تەقینەوەیە ڕوویدا و لە ئەنجامدا 23 کەس کوژران و 59کەسی دی بریندار بوون

خەبات
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/5/22 ژمارە (5755)

پرۆفایل



ژەنەراڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ

دیکتاتۆرێکی سەرکێش و دەستڕەش

ئا: هەندرین شێرزاد

ژەنەرالێکی سەربازیی پشتگیریکار لە سیستمی پادشایەتی ، لە کۆتایی جەنگی ناوخۆیی ئسپانیا کە لە سیەکانی سەدەی رابردوو بەرپا بوو ، دەسەڵاتی ولاتەکەی گرتە دەست و لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا پەیوەندی پتەوی لەگەڵ فاشیەکان و نازیەکان گرێ دا ، وەک دیکتاتۆرێک مامەڵەی لەگەڵ میللەتی خۆی کرد و بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس . دوای تەواوبوونی جەنگیش رووبەڕووی گۆشەگیریەکی توند بووەوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .

ئەرکە سەربازییەکان

فرانکۆ بریاری دا وەک خۆبەخشێک لە سوپای ئسپانیا لە مەغریب کار بکات.

لە نێوان ساڵەکانی 1912 تا 1926 لەوێ مایەوە .

لەو ماوەیەدا فرانکۆ وەک کەسێکی تووند و دڵڕەق ناسرا.

ساڵی 1926 فرانکۆ رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە نەهێشتنی یاخیبوونی خەڵکی مەغریب.

لەتەمەنی 33 ساڵیدا دەبێ بە ژەنەراڵ ، بەمەش بوو بە لاوترین کەسی ئەورووپا کە لەم تەمەنە ئەو پلەیەی پێ ببەخشرێت .

دوو ساڵ دواتر کرا بە بەرێوەبەری ئەکادیمیای سەربازیی گشتی لە سەرقستە .

چەند قۆناغێک

لە ئەپریلی 1931 ، هەڵبژاردنە گشتیەکانی ئسپانیا بوونە هۆی ڕووخاندنی سیستمی پادشایەتی ، ئەو دەسەلاتەی لەلایەن پادشا ئەلفۆنسۆی 13 لە سەرەتای بیستەکان دامەزرا و بریتی بوو لە دکتاتۆریەتێکی سەربازی ، لە شوێنیدا دەسەلات کەوتە دەستی حکومەتێکی میانڕەو و کاری بۆ کەمکردنەوەی دەسەلات و ژمارەی ئەندامانی سوپای ولات کرد ، بەمەش ئاکادیمیا سەربازیەکەی فرانکۆ داخرا و ولات دووژاری ناسەقامگیریەکی کۆمەلایەتی و سیاسی قوڵ بووەوە. کاتێکیش هەڵبژاردنی ساڵی 1933 ئەنجام درا و حکومەتێکی تر پێکهێنرا ، فرانکۆ گەڕایەوە دەسەلات و سەرپشتی هەڵمەتی کپکردنەوەی شۆڕشەکەی چەپخوازانی گرتە ئەستۆ کە لە باکوری ڕۆژئاوای ئسپانیا بەرپا کرابوو . ئینجا لە ساڵی 1936 هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجام درا و حکومەتێکی تازەش دەست بەکار بوو بەڵام ئەم جارە دەسەلات ڕووی کردە ئاراستەی چەپخوازی و بەمەش ئسپانیا دووچاری ناسەقامگیریەکی توند بووەوە ، ژەنەرال فرانکۆش جارێکی دیکە دوور خرایەوە و ژمارەیەک ئەفسەری پلەبەرزی سوپا کەوتنە قسەکردن دەربارەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی .

هەڵگەڕانەوە لە دەسەلات

ئەگەرچی لە سەرەتادا فرانکۆ دوور بوو لە پیلانەکە، بەڵام لە 18ی یۆلیۆی 1936 لە دووڕگەکانی کەناریەوە بەیانناممەیەکی پێشکەشی خەڵکی ئسپانیا کرد و تیایدا هەواڵی بەرپابوونی ڕاپەڕینی لە باکوری ڕۆژئاوای ولات ڕاگەیاند ، ڕۆژی دواتر بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی هێزەکانی سوپا ڕووی کردە مەغریب . ماوەیەکی کەم دوای ئەم ڕووداوانە ، هەریەکە لە ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی پشتگیری خۆیان بۆ فرانکۆ دەربڕی و لە ڕێگەی فڕۆکەکانی ئەوانیشەوە هێزە سەربازیەکانی گواستنەوە بۆ ناو خاکی ئسپانیا .

شەڕی ناوخۆ

مانگێک دواتر ، فرانکۆ پێگەی سەرەکی کردەوە سەربازیەکانی لە ئیشبیلیە دامەزراند و لەوێوە دەستی بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەربازی گەورە کرد . سەرەتا ڕووی کردە باکور، واتە ڕووەو بارەگای حکومەتی کۆماریی لە مەدریدی پایتەخت . لەوێوە هێڕش نیشتمانیەکان ڕووبەڕووی بوونەوە. ئەگەرچیش حکومەتە چەپخوازەکەی مەدرید بۆ ماوەیەک توانی بەرەوڕووی فرانکۆ و هێزەکانی ببێتەوە بەڵام دواتر فرانکۆ توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ .

قوربانیەکانی شەڕ

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی 1937، ژەنەرال فرانکۆ کۆنترۆلی خاکی باسک و ئەستۆریاسی کرد و هەموو پارت و لایەنەکانی دیکەی لەخۆی کۆکردەوە بە مەبەستی پێکهێنانی فلانج ئسپانیۆلا تراديسیۆنالیستا . ساڵی 1939 فرانکۆ کۆتایی شەڕی ناوخۆی ڕاگەیاند . ئەو شەڕەی بووە هۆی کوژرانی 500 هەزار کەس.

ئال کۆدیلۆ

ئەم وشەیە بە مانای سەرکردە دێ و ژەنەرال فرانکۆ پێی ناسرا. ناوبراو هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ لە پێناوی بونیادنانی سیستمێکی دکتاتۆری . ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە کارەکانی فرانکۆن:

ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی شەڕ ، کۆمەڵێک دادگای سەربازی پێکهێنا و لە ئەنجامدا دەیان هەزار کەس لە سێدارە دران یان خرانە بەندیخانەکانەوە.

بێجگە لە کاسۆلیک، هەموو سەندیکا و ئاینەکانی قەدەغە کرد.

قەدەغەکردنی هەردووک زمانی کاتالۆنی و باسکی .

بونیادنانی تۆڕێکی بەرفراوانی پۆلیسی نهێنی .

پەیوەندیەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ نازیەکان بونیاد نا و 5 هەزار سەربازیشی بۆ یارمەتیدانی نازیەکان ڕەوانەی بەرەی سۆڤیەت کرد.

والاکردنی بەندەرەکانی ولات بۆ کەشتی و کەشتیە ژێردەریاکانی ئەڵمانیا .

کۆتایی

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ورده ورده فرانکۆش دەسەلاتی سوکتر کرد و ئاستەکانی سانسۆر و چاودێریکردنیش لاوازتر بوون و ژمارەیەک چاکسازی ئابووری جێبەجێ کرد و پەرەی بە کەرتی گەشتوگوزار دا. ساڵی 1969، تەندروستی فرانکۆ ڕووی لە ناجێگیری کرد و لە بەرامبەردا خوان کارلۆسی وەک جێگری خۆی دانا . ڕۆژی 20ی نۆڤەمبەری 1975 فرانکۆ کۆچی دوایی کرد و ماوەیەک دواتر خوان کارلۆس هەموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی هەڵوەشاندەوە و ساڵی 1977 یەکەم هەڵبژاردن ئەنجام درا .

له نزیکەوە

ناوی فرانسیسکۆ فرانکۆیە و لە 4ی کانونی یەکەمی 1892 لە هەرێمی گالیسیا لە ئسپانیا لەدایک بووە .

باوکی ژمێریار بووە لە سوپای دەریاوانی ئسپانیا ، دایکیشی هەر لەوێ فەرمانبەر بووە.

ساڵی 1907 سەرکەوتوو نەبووە لە پەیوەندیکردن بە قوتابخانەی دەریاوانی .

ڕووی کردۆتە قوتابخانەی هێزەکانی پیادە لە شاری تلیتلە و ساڵی 1910 بە پلەی ملازم دەرچووە.

پەیوەندی بە بزووتنەوەی ڕاستڕەوی یاخیبووەوە کردووە. ساڵی 1920 لەگەڵ کارمن پۆلۆ مارتینێز ژیانی هاوسەرگیریی پێکدێنێ و دەبن بە خاوەنی کچێک.

لە ماوەی شەڕی ناوخۆی ئسپانیا سەرکردایەتی کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتووی کردووە.

سیستمێکی دکتاتۆری دڕندەی بونیاد ناوە و بۆ ماوەی چەندین دەیە بە دەستێکی ئاسنین کاروباری ولاتی بەڕێوە بردووە .

دکتاتۆریەت ئەوەیە بیرمەند و ڕۆشنبیران ناچار بکەی بێدەنگ بن

«فرانسیسکۆ فرانکۆ»



مانشێت



سکای نیوز:
بە تۆمەتی وەرگرتنی یارمەتی لە ڕووسیا ، ڕاوێژکاری نەمسا وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی لەکار دوور خستەوە .



ئەی ئێف پی:
پۆلیسی نیوزلەندا 92 تۆمەتی ئاراستەی ئەو کەسە کرد کە ماوەیەک لەمەوبەر هێرشی کردبووە سەر چەند مزگەوتێک .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
ئێران ڕایگەیاند کە ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆمی چوار ئەوەندەی جاران زیاد کردووە .



ئەلعەرەبیە:
لە ئەنجامی یاخیبوونی ژمارەیەک لە دەستگیرکراوی سەر بە داعش لە بەندیخانەیەکی تاجیکستان 32 کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە باشووری سۆمال ژمارەیەک چەکداری سەر بە بزووتنەوەی شەباب هێرشیان کردە سەر پێگەیەکی سەربازی و لە ئەنجامدا 18 کەس کوژران .



دۆیچە ڤیلە:
دادگای ئەمەریکا پشتگیری خۆی بۆ داوایەکی دیموکراتەکان ڕاگەیاند سەبارەت بە ئاشکراکردنی تۆمارە دارایییەکانی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ولات .

گوڵ و گۆماوەکانی باڵەکایەتی و چیای هەڵگۆرد بوونەتە ناوچەیەکی گەشتیاری بێ داهات









نادر روستی

هەڵگۆرد بەرزترین چیای عێراق و ناوچەکەیە و لە وەرزی زستان زۆرترین بەفری لێدەبارێت و تاکو هاوین لە هەندێک شوێن بەفر و کەویەبەفر دەمێنێتەوە، لە بەرزایی و لەدامێنی چیاکان بە تایبەت چیای هەڵگۆرد ژمارەیەک گۆماوی سازگار هەیە، بەهۆی جوانی بێ وێنەیان و تێکەڵبوونیان بە دیمەنی گوڵ و سەوزای و بەفر و قەدوبالای چایاکان و دەرکەوتنی دەیان جۆر گژ و گیا و گوڵی جۆراو جۆرلە دەوروبەریان لە وەرزی بەهار ناوچەکە دەکەنە باخچەیەکی سروشتی رازاوەی سەرنج راکێش. هەندێک لە گوڵەکان پانتای فراوان دادەپۆش و تابلۆیەکی هونەری رەنگین دەخەملێنن، چەندان جۆر بالندەی جۆراوجۆر و خشۆکی جۆراوجۆر لەو ناوچەیە دەبینرێن و لە هەندێک شوێن گوێت لە ئاوازی بالندەکان دەبێت، هەندێک جۆری ئاژەلی کیویش لە ناوچەکە دەژین، لە ناوەراستی وەرزی بەهار ژمارەیەکی زۆر رەوەند بۆ بەخێوکردنی مەرومالاتیش روو لەو شوێنە دەکەن و لە هەندێک شوێن رەشماڵ بە کۆمەڵ هەڵدەدەن و زۆمی رەوەندەکان دروست دەکەن، زۆرجار مەرومالات و رەوە ئەسپ و مێگەل دەبینرێن، لە دامێنی چیاکان چەندان گوندی کوردی دیمەن جوان دەبینرێت ,سەدان باخچەی پر لە دارودرخت و لە هەندێک شوین دارستان و جەنگەڵ بوونیان هەیە، چەندان ناوچەی شوێنەواری و میژووی و پێگەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولیش گەواهیدەرن بۆ دیکۆمێنتاری، ئاوی سازگار و رووباری لەبار بۆ بەلەماوانی و هاوینەهەوارەکانی حاجی ئۆمەران، زێوەی وەرتێ و هەواری مەکێ و گەلی سەکران و تاقگە جوان و بەرزەکانی کانی بەست و کانیەرەش و پژە و تونێل و ئەشکەوتی بەفر لە مانگی تەموز و ئاب بەڵگەی بەهێزی تری کەرتی گەشتیارین، هەبوونی نزمترین پلەی گەرما لە هاوین لەسەر ئاستی عێراق کە لە هەندیک شوێن لە 15 پلە تێپەرناکات. ئەم هۆکار و بنەمایانە ناوچەکەیان کردۆتە زەمینەیەکی لەباری گەشتیاری و بوونتە مای راکێشانی گەشتیار و هاولاتیان، سالانە ژمارەیەکی زۆر گروپی شاخەرۆی لە چوار وەرزە روو لە لوتکەی چیای هەڵگۆرد و سەکران و کزدۆ دەکەن کە ژمارەیەکیان گەشتیاری بیانین و بۆمەبەستی سەرکێشی و یاری خلیسکانێی بەفر دێن ,بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هیچ پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی گەشتیاری لە ناوچەکە بوونی نییە، بەشێکی کەمی هاولاتیان لە هاوینەهەوارەکان سوودمەندن بەڵام لە رووی ئابووری سوود لە گۆماوەکان و گوڵە جۆراوجۆرەکان و تونێلە بەفرەکان و پلەی نزمی گەرمای هاوین وەرنەگیراوە ونەبوونەتە مای سوود گەیاندن بە ئابووری ناوچەکە, هۆکارکەش بۆ نەبوونی پرۆژە و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی هۆشیاری گەشتیاری هاولاتیان و نالەباری بارودۆخی سەربازی لە سالانی رابردو دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە لێرە بەدواوە هەموو لایەک بە هەماهەنگی کار بۆ بەگەشتیاری کردنی ناوچەکە بکەین و هەموو ئەوانەی باسکران بخەن بە سەرچاوەی داهات بۆ کوردستان بە گشتی و بەتایبەت بێن بە هۆکار بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە. ڕێگا چارەیەکیش بۆ پاشماوە و زبڵی هاولاتیان و گەشتیاران بدۆزرێتەوە و چیتر نەبێتە هۆکار بۆ تیکدانی سروشتی ناوچەکە.

فۆتۆ:
تۆمەر مەحمەد- زانا زرار- تاهیر

سلێمانی و سنە پەیوەندییە گەشتیارییەکانیان پەرەپێدەدەن



بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری نێوان شاری سلێمانی و شاری سنە، شاندێکی گەشتیاری لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بە سەرپەرشتی محسن علوی بەڕێوەبەری گشتی گەشوگوزاری سنە و شاندێکی یاوەری سەردانی شاری سلێمانییان کرد. دوای پێشوازیکرد لە لایەن علی ڕۆوف غفور بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی و سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمپانیا و نوسینگە گەشتیاریەکان و سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان گفتوگۆ لە بارەی پەرەپێدانی پەیوەندی گەشتیاری و هەماهەنگی لە ژمارەیەک کارو چالاکی و زیادکردنی ژمارەی گەشتیاران کرا هەروەها تیشک خرایە سەر کێشە و گرفتی گەشتیارانی نێوان هەردوو هەنگاو بۆ چارەسەریەکان خرایەروو.

بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران ئامادەکاری دەکرێت

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ پێشوازی کردن لە گەشتیاران دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە سەرپەرشتی مەولەوی جەبار کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی دیوانی دەستەی سازکرد، کە ئامانج دانانی پلان بوو بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران لە ڕۆژانی جەژنی قوربان. ئەمەش لەکاتێکدایە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەئاستێکی باشدایە، کە هۆکارێکی باش دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران. بە پێی زانیاریەکان بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی گەشتوگوزار لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و شارەکانی تر وەک جەژنەکانی رابردوو ئامادەکاری دەکەن و ژمارەیەک لێژنە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێری کردنی شوێنەکانی گەشتیاری پێکدەهێنێنڤ لە جەژنی ڕەمەزانی سالی رابوردوو نزیکەی 250 هەزار گەشتیار هاتبوونە هەرێمی کوردستان کە ڕێژەی بەرزیان گەشتیاری شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون، دەستەی گەشتوگوزار پێشبینی دەکات ئەمسالێش هاتنی گەشتیاران لەو ژمارەیە زیاتر بێت.

پاراستنی داروگوڵی پارکەکان لەلایەن هاوڵاتی و گەشتیاران




ئەو شوێنانەی سەوزایی و دارودرختی هەیە سەرەڕایی جوانی و سێبەروهەوای فێنک و پاک، ژینگەیەکی لەبار دروست دەکات. بۆیە هەرلە کۆنە دارودرخت لە نێو گۆمەلگە پیرۆزی خۆی هەیە. سەوزای و سروشتی بەردەوام سەرنج راکێشن و وادەکەن گەشتیار بۆ خۆی ڕابکێشێت، بۆیە گرنگە کە دارودرخت بپارێزین. بەڵام جیگای نیگەرانیە کەزۆر جار لەلایەن هاوڵاتی دارەکان دەبڕدرێن بۆ سوتەمەنی بەکاردێن، ئەمەش بەکارێکی نامرۆڤانە دادەنرێت وچونکە چەندە ڕێژەیی سەوزایی زۆربێت ڕێژەیی ئۆکسجین زۆر دەبێت و ژینگەیەکی لەبارودروست دەبێت، هەروەها بوونی دار دەبێتە هۆی فێنک بوونی ناوچەکە، بۆ نموونە پارکی شەهید سامی عبدالرحمن یەکێکە لە پارکە هەرە گەورەکان لە هەولێر، هەزاران دارودرخت سەوزایی تێدایە بۆتە مەلبەندی هاولاتیان وگەشتیاران وگۆڕەپانی وەرزشی، بەردەوام خزمەت گوزاری جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت تاسیماوجوانی خۆی لە دەست نەدا، بەڵام هەندێ جار ناهۆشیاری هەندێک کەس وا دەکات دارودرختەکانی تووشی لەناوچون بێن.

هەڵسوکەوتی هەندێک لەگەشتیاران زیان بە دارودرخت دەگەین و دەبنە هۆکاری شکاندن و هەڵکەندنی دارەکان و فرێدانی پاشماوەی خۆراکەکان لەبن دارەکان. هەندێک لە کردەوە ناشرینەکانی هاوڵاتی نووسین لەسەر دارەکان دەکرێت ئەمەش مەترسیە بۆ سەردارەکان یاخوود دەبێتە هۆی شێواندنی دارەکان. بەهۆی ڕژاندنی ئاوی گەرم یاخود نەوت لە بن دارەکان، هەندێک جاریش منالەکان گوڵ و لقەکانی دارەکان لێ دەکەنەوە ئەمەش سیمای و جوانی تێک دەدات. بۆیە داوامان لە گشت هاوولاتیان وگەشیارانە کە پاراستنی سەوزایی درەختەکان بە ئەرکی خۆیان بزانن با هەموومان سوودمەندبین لە کاتە خۆشەکان لە نێو دارودرخت و گول و گولزاری پارکەکان .

شاناز زیاد- ڕاگەیاندنی پارکی سامی

باخچەی ئاژەڵانی هەولێر بە ستاندری باخچەکانی جیهان دروستکراوە




باخچەکە بە دووری 11کم دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی سەنتەری شاری هەولێر لە نێوان شاری یاری ماجدی لاند و سەیرانگەی دلۆپە دروست کراوە، لە پرۆژەیەکی زۆر گەورە و شارستانی و گەشتیاری پێکهاتووە و لەسەر ڕووبەری ٢٠٠ دۆنم لە لایەن کەرتی تایبەت بە سەرپەرشتی هێرش خۆشناو دروست کراوە، پرۆژەکە بە ٣ قۆناغ تەواو دەکرێ قۆناغی یەکەم ١٢٠ دۆنمە و لە 90%تەواو بووە.

باخچەکە ئەندامە لە یەکیەتی باخچەی ئاژەلانی جیهان. AZO باخچەکە جیاواز لە جۆری ئاژەڵ و شێوازی دروستکردنی، چەندان جۆر ئاژەڵ و بالندەی کوردستانی و بیبانی لەخۆ دەگرێت. دوو جۆر باخچەی ئاژەلانی کراوەی تێدایە و ئاژەڵە درندەکان بە ئازادی دەخولێنەوە و مرۆڤ لە ناو ئوتومبێلی قەفەس بەناویاندا هاتوچۆ دەکات، دەریاچە و ئەشکەوتی بۆ دروستکراوە، باخچەکە گەورە و فراوانە بۆ ئەوەی بتوانی سەرجەم باخچەکە بگەڕێیت پێویستت بە ڕۆژێک دەبێت، بۆ پشودان و کاتبەسەربردن و خواردن و سەیران چەندان شوێنی گەشتیاری لێدروست کراوە.

ئەمڕۆ شاندێکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەسەرپەرشتی سەرۆکی دەستە سەردانی پڕۆژەی باخچەی ئاژەلانی لە نزیک کەسنەزان کرد و بەدواداچوونی بۆ خزمەتگوزاری و هەنگاوەکانی پرۆژەکە کرد.

ئەو راهێنەرەی هەموو شتێکی بەدەستهێنا

گواردیۆلا.. 27 نازناو لە ماوەی 11 ساڵ هێندە ئاسان نییە

هاوار مورتکەیی

راهێنەرێک هەمیشە داوای بەدەستهێنانی نازناوەکان دەکات، نەوەک نازناوی گچکە، بەڵکو داوای نازناوی گەورە دەکات، بەرەنگاری پالەوانێتی حولی یانە پالەوانەکانی ئەورووپا دەبێتەوە، ئەو راهێنەر پیپ گواردیۆلایە، گواردیۆلا راهێنەرێکە کە بیرورای جیاوازی لەسەر راهێنەرایەتی کردنیدا دەگوترێت، ئەو بیرورایەش هەمیشە لەنێوان پشتگیری و دژیدا بووە، ئەوانەی دژی ئەو راهێنەرەن، پێیان وایە ئەو مێژووەی گواردیۆلا لە بەرشلۆنە تۆماری کردوون ئازایەتی خۆی نەبووە، بەڵکو میسی خاوەنییەتی.

ژمارەیەکی قورس

دوای ئەوەی ئەو راهێنەرە ئیسپانیە دەسکەوتەکانی لە خوای ئینگلیزی بەدەستهێنا کە راهێنەرایەتی یانەی مان سیتی کرد، سەلماندی کە راهێنەرێکە هەمیشە عەشقی نازناوەکانە، گواردیۆلا ژمارەیەکی قورسە لە هەر خولێک کە رکابەرایەتی بکات، زۆر ئاسان نییە بتوانیت نازناوەکان لەنێودەستی دەربکرێت، هەمیشە ئەو راهێنەرێک بووە کە یانەکانی دوای یانەکەی گواردیۆلا، بەزەحمەت توانیویانە مەترسی بخەنە سەرپێشەنگییەکەی، هەروەک لە وەرزی 2018/ 2019 رێک بەرامبەر یۆرگن کلۆپی ئەڵمانی رووبدا.

نازناوی سێ خولی جیهانی

سەرەتای گواردیۆلا لە خاکی لالیگا دەستی پێکرد، ئەو خاکەی چەندین ئەستێرەی لەسەردەمی ئئەو پێگەیاند، لەوانە رۆنالدۆ و مێسی و رۆنالدینهۆ، گواردیۆلا لە لە ساڵانی 2009و 2010و 2011لەسەر یەکتری توانی نازناوی خولی ئیسپانی بەدەست بهێنیت، جامی شای ئیسپانیا لە ساڵانی 2009و 2012، هەروەها سێ جار لە ساڵانی 2009و 2010و 2011 جامی سوپەری ئیسپانی بێ بەرزیاتەوە، گواردیۆلا هەر بەتەنها لە خولی ناوخۆی ئیسپانیا نەوەستا، بەڵکو هەر لەگەڵ بەرشلۆنەدا دووجار نازناوی پالەوانێتی خولی یانە پالەوانەکانی ئەورووپای بەدەستهێنا لە ساڵانی 2009و 2011، هەر لەهەمان ساڵ نازناوی سوپەری ئەورووپی و دواجاریش نازناوی مۆندیالی یانەکانی جیهان لە 2009و 2011، بەگشتی ئەو راهێنەرە هیچ نازناوێکی بەجێنەهێشتووە لە ناو یاریگاکانی ئیسپانیا.

تۆمارکردنی مێژوو

دوای ئەزموونی لە هەردوو خولی ئیسپانی و ئەڵمانی ، گواردیۆلا رووی کردە جیهانی پرێمەرلیگ، یەکێک لە بەهێزترین خولەکان لە جیهان، ئەم بڕیارەی گواردیۆلا بەرەنگاربوونەیەکی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی هەمووان پێیان وابوو گواردیۆلا لە ناو یاریگاکانی ئینگلتەرا مایە پووچ دەبێت و لە راهێنەرایەتی دەگەوێت، بەڵام گواردیۆلا تەنها دوو ساڵی پێویست بوو تاکو بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە بداتەوە، و مێژوویەک تۆماربکات، کە بەدەستهێنانی سێ نازناو لە لە سەر ئاستی ئینگلتەرا کە زۆر بەدەگمەنی ئەم حالەتە لە خولی ئینگلیزی رووبەدات، دوو نازناو لە رکابەرییەکانی پرێمەرلیگ و نازناوی جامی یەکیتی ئینگلیزی و دوو نازناوی جامی پیشەگەرانی ئینگلیزی و جامی قەڵغانی ئینگلیزی، هەموو ئەمانە گواردیۆلا لەسەر یاریگاکانی ئینگلیزی بەدەستی هێناون، بەگشتی لە ساڵی 2008وە تا ئەمڕۆ گواردیۆلا 27 نازناوی بەرزکردۆتەوە، 27نازناو زۆر ئاسان نییە جەماوەر لەناو یاریگا ببینێت، ئەوە گواردیۆلایە ئەمەی کرد و سەلماندی بچێتە هەرشوێنێک هەموو شتەکان دەباتەوە.





کالچیۆ

پێشبڕکێی گەیشتن بۆ چامپیۆنزلیگ گڕ دەگرێت

رکابەری یانەکانی خولی ئیتالیا لەسەر پلیتی گەیشتن بۆ خولی یانە پالەوانەکانی ئەورووپا گەیشتۆتە ئاستێک کە تا فیکەی کۆتایی یارییەکانی گەڕی کۆتای ئەو خولە ناسنامەکان ئاشکرا نابن، بەتایبەتیش لەنێوان هەرسێ یانەی ئەتلانتا 66خاڵ و ئینتەر میلان 66 خاڵ و ئەی سی میلان 65خاڵ، کە شەڕ لەسەر دوو پلیتی ماوە دەکەن، پێشتر دوو پلیتی دیکە هەریەک لە یۆڤینتۆس و ناپۆلی مسۆگەریان کردووە.

گەڕی کۆتایی خولی ئیتالیا چەندین یاری ئاگرین لە خۆی دەگرێت و ئەرکی هیچ کامێک لەم سێ یانەیە ئاسان نییە، ئەتلانتا بەرامبەر ساسۆلۆ یاری دەکات، ئینتەر میلان بەرامبەر ئیمپۆلی یاری دەکات کە ئەمەی دوای شەڕی مانەوە لە خولی ئیتالیا دەکات، لەولاشەوە میلان رووبەرووی یانەی سبال دەبێتەوە.

3 ملیۆن پلیت بۆ یورۆی 2020 ئامادەدەکرێت

یەکیتی تۆپی پیی ئەورووپی رایگەیاند کە لە پلانیدایە 3 ملیۆن پلیت بۆ ئامادەبوون لە یارییەکانی پالەوانیتی نەتەوەکانی ئەورووپای 2020 بەچاپ بگەیەنێت، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە، چونکە لە پالەوانێتی رابردووی ساڵی 2016 تەنها دوو ملیۆن و نیو پلیت ئامادەکرابوو. ئەم پلیتانەش هەریەکەو جۆرە نرخیکی بۆ دیاری کراوە، لەوانە یەک ملیۆن پلیت بە نرخی 50 یورۆ بۆ ئامادەبوون لە 44 یاری دیاریکراوە، هەروەها 40 هەزار پلیتیش بە کەمتر لە 100 یورۆ دەفرۆشرێت، هەروەها ژمارەیەک پلیتی دیکەش تایبەتە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە بەنرخێکی هەرزا و شوینی گونجاویان بۆ دیاریکراوە. جیی باسە رکابەرییەکانی یورۆی 2020 لە 12ی حوزەیران لە رۆمای پایتەختی رۆما بەڕێوەدەچێت و بڕیارشە یاری کۆتایی لە 12ی تەمموز لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەبچێت، ئەو شارانەی کە بڕیارە چالاکییەکانی ئەم پالەوانێتییەی تیا بەڕێوەبچێت بریتین لە شارەکانی باکۆ، کۆپنهاگن، پۆدابست، ئەمستردام، دبلن، بۆخارست، سانت پترسبۆرگ، گلاسکۆ، بیلباو.

کروس: هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە لە ریال مەدرید بڕۆم

تۆنی کروس، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، دووپاتی کردەوە، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ یانەی شاهانەدا هەیە، ئەو وتانەشی دوای واژووکردن لەسەر گرێبەستە تازەکەی لەگەڵ یانەکەدا بوو، کە تاکو 30 حوزەیرانی 2023بەردەوام دەبێت. کروس، دوای واژووکردنی گرێبەستە تازەکەی، لەگەڵ فلۆرنتینیۆ پێریزی سەرۆکی ریال مەدرید وتی:" ئەمڕۆ بۆ من رۆژێکی زۆر خۆشە، هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم. سەرکەوتنی زۆرم لە ریال مەدرید بەدەستهێناوە، تاکو ئێستا 12نازناوم لەگەڵیدا بەدەستهێناوە، بەڵام دڵنیام لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، چەندین نازناوی دیکەش بەدەست دەهێنین، بۆیە ئەمڕۆ بۆمن رۆژێکی زۆر تایبەتە".کروس، کە لەگەڵ خێزانەکەی ئامادەبوو، سوپاسی ریالی کرد، لەسەر ئەو متمانەی پێی هەیە و دووپاتیشی کردەوە:"ئەو هەرگیز بیری لە رۆیشتن لە ریزەکانی نەکردووەتەوە، بەهۆی ئەو ورزە خراپەی لەگەڵ یانەکەدا بەسەری برد". هەروەها وتی:"ساڵی 2014 هاتمە ئێرە، هەر لەیەکەم رۆژەوە هەستم بە متمانەی یانەکە پێم کرد، باوەڕیان بەوە هەبوو، دەتوانم یارمەتی یانەکە بدەم، نازناوەکان بەدەست بهێنێت، پەیوەندییەکی تایبەتم لەگەڵ ریال مەدرید هەیە، بۆیە بەیەکەوە بەرەو بەدیهێنانی نازناوی زیاتر هەنگاو دەنێن".

رەمزی میرەکانی

باراک ئۆباما ئامادەی یارییەکە بوو

کۆمپانیای نایکی یەک ملیار دۆلاری زەرەر لێکەوت



کۆمپانیای نایکی ئەمریکی بۆ جل و بەرگی وەرزشی زیاتر لە یەک ملیار دۆلاری زەرەر لێکەوت، ئەویش دوای ئەو رووداوە سەیرەی لە خولی تۆپی باسکەی زانکۆکانی ئەمەریکی رووبدا.

لەیاریی نێوان یانەی دوک بلو دیفیلز و یانەی نۆرس کارولینا تار هیلز، یاریزان زیون ویلیامسۆن بەهۆی پێڵاوەکەیەوە (پارچەیەک لە پێڵاوەکەی لێبۆوە) پێی وەرگەرا و تووشی پێکانێکی سەخت بوو، ئەمە لەکاتێکدا ئەمە رووبدا کە ملیۆنان کەس راستەوخۆ سەیری ئەو یاریییەیان دەکرد و باراک ئۆباماش ئامادەی یاریییەکە ببوو، ئەو پێڵاوە هەرایەکی نایەوە کە هۆکاری سەرەکی بوو لە پێکانی یاریزانەکە، بەمەش کۆمپانیا نایک بەڕێژەی 1.7% پشکی هاتە خوارەوە کە چاوەڕان بە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار زەرەر هەژماریان کرد.




بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 22. Apr. 2019 No: (5755)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



مەسعود بارزانی.. تەمەنێک لە سەروەری

ساپیر حوسێن:

مۆنتیسکۆ دەربارەی کتێب دەڵێ: کتێب زۆر بخوێنەرەوە، تا تێبگەیت کە هیچ نازانیت. لەبەر دەوڵەمەندی کتێبیش ڕەنگە دەیان و سەدان تەعریف بۆ کتێب کرابێ، سەرەنجام ئەوەیە کەوا پرۆسەی خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی، گوزارشت لە ڕوویەکی گەش و زیندوو و تەندروستی فەرهەنگی گەلان دەکات. سروشتی کتێبیش وایە کە هەگبەیەکی پڕ لە زانیاریی و مەعریفە لە خۆی دەگرێ، سەرچاوەی هێزێکی مەعنەویشە. کتێبی (مەسعود بارزانی تەمەنێک لە سەروەری)، کۆکراوەو هەگبەیەکی دەوڵەمەندە بۆ هەموو ئەو وتە بەنرخانەی سەرۆک بارزانی، لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانی و بۆنە تایبەتەکاندا فەرمووێتی دەربارەی کوردستان و پێشمەرگەو شەهیدو خۆشەویستی خاک و سەربەخۆیی و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و چین و تۆژەکانی کۆمەڵگەو... هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەویانەی لە وجوددا بوونیان هەیە. ئەم کتێبە لە نووسینی (سیروان عوسمان)ە، لە دوو تێێ کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی 204 لاپەرە لە خۆ دەگرێ، بەری یەکەمی لە ساڵی 2019 بووە. لەلایەن چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێرەوە بە چاپ گەیەنراوە، بەرگەکەی بە وێنەیەکی سەرۆک بارزانی نەخشێندراوە، وەک نوسەریش لەپێشەکی ئەم کتێبە ئاماژەی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو وتانەی سەرۆک بارزانی، کردووە، ئەوەیە کە هەموو نەتەوەیەکی سەرکەوتوو، گوێی لە پەندە و حیکمەت و وتەی زانا و پیاوی سیاسی و بیرمەندی خۆیان ڕاگرتووە و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان بە مانا فراوانەکەی سوودیان لێ وەرگرتووە و پەیڕەویان کردووە. چاپکردنی ئەم کتێبە وەک وتەی بیرمەندی سیاسی کورد، سەرۆک مسعود بارزانی لەو پێناوەدایە، کە لەمەبەدوا کۆمەڵگای کوردی سوود لە بیرمەندانی خۆی وەربگرێت و بۆ بەڕێوەبردنی ولات، وەک نەتەوەیەکی سەرکەوتوو، وەک پایەیەکی کاریگەر بگەڕێتەوە سەری و بەکاربهێنێت.

پانۆڕامای ئەنفال و خەمەکانی ئەحلام مەنسوور


نووسەر لەگەڵ ئەحلام مەنسور لە پێشانگاکەدا

ئاشتی گەرمیانی

لە ١٥ / ١ / ١٩٨٩ لە هۆڵی ڕەشید لەبەغدا .. گۆڕەپانی تەحریر ، سەرەتای شەقامی ڕەشید .. ئەوە ناونیشانی هۆڵی هونەری ڕەشید بوو کە هونەرمەند بەڕێز وائیل المرعب سەرپەرشتیاری دەکرد ، پێشانگای دووەمم بوو بۆ کاری پەیکەرسازی لە گەرمەی پرۆسەی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان ، من بە ٣٠ کاری هونەری هێڵکاری و پەیکەر سازی کە بریتی بوون لە ڕەگە سووتاوەکان و داگیرکردن وپۆستاڵە ڕەشەکە و دەرگا کۆنەکەی کەرکووک کە وێران و پاشماوەیە ، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس یادی بەخێر خاتوو ئەحلام مەنسوور سەد لەسەد گەرمیانییەکی چڕو پڕ و ناوچە گەرمەسێرەکەی مەندەلی و خانەقین ئاسا زمان ئاخاوتن ، ئەونەیەکی جوانی پێشانگاکەم بوو ، کەم وشەم دەدرکاند سەبارەت بە ڕووداوەکان لەو پێشانگایەدا ، ئەویش تەنها قاوە تاڵەکەی و جگەرە دووکەڵاوی یەکەی بۆ مابۆوە لەو کارەساتانەدا ، من بە دەربڕینی قوتابخانەی دەربڕین خوازی باسی بەسەرهاتی خاپوور کردنی گوندەکانی ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ م دەکرد ، ئەویش دڵ پڕ لە گریان بۆ کارەساتی ئەو تابلۆیەم کە لە چیرۆکێکدا باسی لێوە کردبوو لەو ڕووداوانەی کەلە کارە هونەریەکانی منداا بینی بووی بە شێوازێکی سوریالیزمی ، لەو ڕۆژەدا زۆرمان باسی لە ئازارو مەینەتیەکان کرد ، بەڵام ڕۆژە تاڵەکان کە نوسەر لە ڕۆژنامەی هاوکاری باسی لێوە کردبوو بە وانەیەکی میژووی ، نوسەری کورد یادی بەخێر ئەحلام مەنسوور لەو پێشانگایەدا نووسیویەتی (ئاشتی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەژیت کە مرۆڤ تێیدایە، ڕیلیفێکی چارەسەری کێشەکان دەکات و زۆر جاریش پەیکەر سەد لە سەد بەرجەستەی کێشەکەی دەکات و پەیکەری وایشی هەیە کە بیست لەسەد بەرجەستەی کێشەی ئاشتی نەکردوەو بەرجەستەی کێشەی مرۆڤی تری کردووە).

لەو سەردەمەدا کەم کەس لە هونەرمەندان ئەو دەنگەیان گەیاندە نێو جەرگەی بەغدا.. تەنها مامۆستای پێشەوای نەمر محمد عارف سیامەنسووری بەتابلۆی دایکی شەهید و مامۆستا ئیسماعیل خەیات بە بانگندە کۆچ کردووەکان لە ڤیستڤاڵەکاندا ئەو دەنگەیان هەبوو ، خەمەکانی من و خەونەکانی نوسەر ئەحلام مەنسوور دوو کۆتلە داری ڕەگ سووتاو بوون

هونەرمەند عەلی توانا کۆچی دوایی کرد



هونەرمەند "عەلی توانا" لە تەمەنی 76 ساڵیدا پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، ڕۆژی سێ شەممە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند "عەلی توانا" کە بەشداری لە چەندین دراماى کردووە، دیارترینیان دراماى ڕەشەی پۆلیسە، لە ساڵی 1943 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە و بەشداری لە چەندین درامادا کردووە و زۆربەی کاتەکانی تەمەنی بۆ خزمەتکردن بە هونەری کوردی تەرخانکردووە. هونەرمەند "عەلی توانا" لە ساڵی 1959 لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر، کۆمەڵەی ئەدیبانیان دروستکرد و بووە سەرۆکی کۆمەڵەکە. بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەی خەبات هاوخەمی خۆمان بە بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێیانی هونەرمەند ڕادەگەیەنین.

فیلمی (سیمای خۆڵەمێش) بەشداری فستیڤاڵی بەرلین دەکات


شاخەوان ئیدریس، دەرهێنەری فیلمەکە


خەبات: سەنگەر حوسێن

فیلمی سیمای خۆڵەمێش بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر/ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لە نووسین و دەرهێنانی شاخەوان ئیدریس، نواندنی: ناسر حەسەن، ئەنوەر شێخانی و کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن، لە نێوەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ئابی2019 لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەڕێوەبچێت و ماوەی 8 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

لەمبارەیەوە شاخەوان ئیدریس دەرهێنەری فیلمی (سیمای خۆڵەمێش) تایبەت بە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ڕاگەیاند: فیستیڤاڵی فیلمی کوردی سالانە لەلایەن کۆمپانیای میتوس فیلم ساز دەکرێت و تیایدا کۆمەڵێک فیلمی سەرکەوتوو لە هۆڵی سینەمایی بۆ بینەری کوردی و ئەوروپی و جیهانی نمایش دەکرێت.

فیلمی سیمای خۆڵەمێش کە پێشتر بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانی کردووەو چەندین خەڵاتی گرنگی بەدەستهێناوە، گرنگترینیان خەڵاتی باشترین سیناریۆی ئۆرجینال لە فیستیڤاڵی کازانی سینەمایی ساڵی 2015 لە ڕووسیا، هەروەها خەڵاتی تایبەتی دادوەران لە فیستیسیڤاڵی کیرالای سینەمایی لە هیندستان 2016.

جێی باسە، فیلمی سیمای خۆڵەمێش یەکەم جارە لە بەرلین نمایش دەکرێت.


دیمەنێک لە فیلمی "سیمای خۆڵەمێش"


دەهۆڵی بە ئاگاهێنانی هاوڵاتیان لەرەمەزاندا بۆ پارشێو خواردن، نەریتێکی کۆنە لە نێو گەڵاندا ئێستاش پەیڕەو دەکرێت